یەکەم بەرگ

# شێخ
# مەحموودی حەفید زادە
## لە بەڵگەنامەی فرانسیدا
۱۹۱۹-۱۹۳٤

لە فرانسییەوە وەرگێڕانی بۆ کوردی،
تێبینی و پەراوێز
**د.نەجاتی عەبدوڵڵا**



بنکەی ژین
سلێمانی ۲۰۰٦

٩٢٣,٢
ن ٩٥٢ نەجاتی عەبدوڵڵا
شێخ مەحموودی حەفیدزادە لە بەڵگەنامەی فرانسیدا ١٩١٩-١٩٣٤/
لە فرانسییەوە وەرگێرانی نەجاتی عەبدوڵڵا. – سلێمانی: بنکەی
ژین، ٢٠٠٦.
١٩٠ل: بەڵگەنامە، پاشکۆ، ١٤,٥×٢١ سم.
١-حەفیدزادە، شێخ مەحموود- بەڵگەنامە ٢-کوردستان-مێژوو
ئ-ناونیشان ب-زنجیرە: ٤٩
کتێبخانەی گشتی سلێمانی زانیاری سەرەتایی پۆلێن و پێرستی ئامادە کردووە

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

زنجیرە: ٤٩
کتێب: شێخ مەحموودی حەفیدزادە لە بەڵگەنامەی فرانسیدا ١٩١٩-١٩٣٤
بابەت: بەڵگەنامەی مێژوویی
لەفرانسییەوە وەرگێرانی: د. نەجاتی عەبدوڵڵا
بەرگ: یەکەم
تایپ و مۆنتاج: وەرگێر
بەرگسازی: قادر میرخان
خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژی چاپ: ١٠٠٠
ژمارەی سپاردن: (٩٢٥) ی ساڵی ٢٠٠٦
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

**بنکەی ژین**
بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی
هەرێمی کوردستان: سلێمانی، سەرچنار، گەڕەکی ١١٩، شەقامی ٧٥ سەگرمە، خانووی ٧٣
نۆرماڵ: ٣١٨٣٦٣١ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یا ٠٧٧٠١٤٦٤٨٣٣ سانا: ١١٢٨٣٠٩
سنووقی پۆست: ١٤ E. Mail: bnkaizhin@yahoo.com

بۆ گیانی پیرۆزی

یەکەمین پاشای کوردستانی جنووبی

شێخ مەحموودی حەفیدزادە،

دیاری و پێشکەشە

وەرگێڕ

# پێشگوتار

I

لە دوادواییەکەی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، شێخ مەحموود یەکێك لە کەسایەتییە یەکەمینەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و لە هەمان کاتیشدا سومبلی نەتەوایەتی نەتەوەیەکیشە دژ بە گەورەترین و پڕچەکترین دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی جیهانی. مرۆڤ کاتێك تەماشای ئەوە دەکات چۆن ئەم سەرکردەیە بەو ڕۆحە کوردانەیە لەبەرامبەر گەورەترین دەوڵەتی جیهان شەڕی کردووە و تەنانەت لە ناو زیندان و لە ژووری دادگا و تا ڕۆژی مردنیش ڕقی زۆری خۆی بەرامبەر ئینگلیز نەشاردۆتەوە، تێدەگا ئەم سەرکردەیە بەراستی هەر بە کوردی ژیا و هەر بە کوردیش مرد. بەڵام ئەمە نابێ هەرگیز بەو مانایە بێ کە شێخ مەحموود –وەك هەر سەرکردەیەکی دیکە – لە ژیانی سیاسیی خۆیدا هەڵەی نەکردبێ و تێز و خوێندنەوەی هەڵەی نەبووبێ بۆ ڕووداوەکان.

مێژووی شێخ مەحوود و مێژووی دروستکردنی دەوڵەتی (عێراق) و سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی بریتانی لە ناوچەکە ڕەنگە لە یەك جیاناکرێنەوە. بێسوود نییە ئەگەر ئەوە بڵێین کە ئینگلیز هەر لە دوا دوایی‌یەکەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە زۆر بە گەرمی

دژایەتی هەموو هەوڵێکی نەتەوایەتی کوردیان کردووە و ڕەنگە تا سەروبەندی کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی ئینگلیز زۆر لە ئیمپراتۆریای عوسمانی و قاجاری زیاتر دژایەتی پرسی کوردیان کردبێ و دوای جەنگی یەکەمی جیهانیش راستەوخۆ ڕەنگە لە هەموو گەلێك زیاتر گوللە تۆپ و فڕۆکەی جەنگی و چەکی هەموجۆریان لە دژی کورد بەکارهێنابێ.

## II

لە سەروبەندی دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ۱۹۱۷ ی ڕووسیا و دواتر خۆی کێشانەوەی سوپای ڕووسیا لە هەموو بەرەکانی جەنگ، بە ناوچە کوردەوارییەکانی دەوروبەری سلێمانی و ڕەواندوزیشەوە، تەواوی ئەم دەرو ناوچانە بۆشاییەکی سەربازیی گەورەیان تێکەوت. شێخ مەحموود کە هەمیشە خەونی بە ( کوردستانێکی سەربەخۆ) ەوە دەبینی لەو ناوچەیە لە هەمووان بەر نفوزتر بوو. شێخ دەمێك بوو دەیەویست پێوەندی بە ئینگلیزەوە بکات، بەڵام چونکو تا داگیرکردنی بەغدا لە ١١ی ئاداری ۱۹۱۷ پێوەندی کردن بە ئینگلیز کارێکی وا ئاسان نەبوو بۆیە ئەم پێوەندی گرتنە نەکرا ببێ. بەڵام جێگیربوونی ئینگلیز لە بەغدا و شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ ئەوەی شێخ ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ئینگلیزەوە بکات. ئینگلیز بە زوویی وەڵامی شێخ مەحموودیان دایەوە و ڕازی بوون لەسەر ئەوەی شێخ بە ناوی ئینگلیزەوە (کۆنترۆلی) ناوچەکە بکات. شێخ و ئینگلیز بۆ دوو ئامانجی جیاواز لە یەك نزیك بوونەوە: شێخ بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ

و ئینگلیـزیش بـۆ ئـەوەی هێڵـی پـشتەوەی هێزەکـانی خۆیـان لـەو ناوچە شاخاویانە دابین بکەن و زیاتر لەوەش کورد لە پرۆپاگەندەی عوسمانی بەدووربخەنـەوە. ئارنۆڵـد ویلـسن لـە هـەموو کـەس جوانتر جـەرگی ڕاسـتی پێکـاوە کاتێك لەمبارەیـەوە دەنووسـێ: " *مەبەسـتی سـەرەکی لەمـە بـە تایبـەت ڕاکێشانی هاوسـۆزی و پشتیوانی هـۆزە کوردەکان بوو، نەك بۆ ئۆپیراسیۆنی جەنگیی دژ بە تورکەکان بەڵکو زیـاتر بـۆ پاراسـتنی هێڵـی پـشتەوەمان و یارمەتیـدانی گەیانـدنی ئازووقـەی وەك گۆشـت بـوو کـە تاکـە بەرهـەمی نـاوەخۆیی ناوچـەکە بـوو*"[1]. دواتـریش دوای ئـەوەی لـە دوای ئاگربەسـی مـودرۆس[*] ناچـاربوون بـۆ ماوەیـەکی زۆر کـورت شـێخ مـەحموود وەك حـاکمی بەشێکی کوردستانی جنووبی بناسن ( بە تایبەت ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری). ئەمە زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە ئینگلیز پێیان وابوو کە لەکاتی پشێوی لەگەڵ تورکیا یان لەگەڵ شێخە عەرەبەکان دکرێ شـێخ مـەحموود ببێتـە هاوپـشتێکی سـەرەکی[2] ئینگلیـز و دواتـر ڕاگرتنی هاوسەنگی ئیتنیکی لەناوچەکە دەستەبەر دەکات.

دەکرێ بگـوترێ کـە تـا داگیرکردنـی بەغدا لـە ئەژێنـدای سیاسـیی ئینگلیز پرسێك بە ناوی پرسی کوردەوە بوونی نەبوو. وەختایەکیش

---

[1] Arnold T. Wilson, *Mesopotamia* ١٩١٧-١٩٢٠, Ed. Oxford University Press, London, ١٩٣١, p. ٨٦

[*] Moudros

[2] Farideh Koohi-Kamali, *The Political Development of the Kurds in Iran: pastoral nationalism,* Ed. Basingstoke : Palgrave Macmillan, ٢٠٠٣, p. ٣٠

لە گێژەنی ڕووداوەکانی دوای ئەوە بەرەو ڕووی مەسەلەی کورد بوونەوە بە پلەی یەکەم لە پەراوێزی چارەسەرکردنی مەسەلەی ئەرمەن بوو. ئینگلیز نەیاندەزانی چۆن رەفتار لەگەڵ چارەنووسی سیاسیی کوردستان بکەن. چەمکی (کوردستان) لای ئینگلیز زیاتر دەربڕینێکی نا سەقامگیر و بە گشتی خاوەن واتایەکی جوگرافی قەبووڵکراو نەبوو[٣].

ڕاستیەکەی بزووتنەوەی کورد بۆ خۆیشی جگە لەوەی زۆر بە درەنگەوە لە دایکبوو، سەرباری ئەوەش بزووتنەوەیەکی لۆکال و پارچە پارچە و بێ سەرو بەر و بێ بەرنامە بوو. لە سەروبەندی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە کوردستان سێ ناوەندی سەرەکی ناوچەیی بزووتنەوەی کوردایەتی هەبوون. یەکەم: ناوەندی ئەستەموول، دووەم ناوەندی ورمێ و سێیەمیشیان ناوەندی سلێمانی کە ئەمەی دوایی لە هەردوو ناوەندەکەی دیکە بەهێزتر و باسك ئەستوورتر بوو.

سیاسەتی دژە کوردی بریتانیا هەرگیز لەگەڵ خواستەکانی کورد یەکیان نەدەگرتەوە و دواجار شێخ مەحموودیان ناچار کرد کە پەنا بباتە بەر کەمالیستەکان کە ئەمە یەکێك لە هەڵە سیاسییە گەورەکانی شێخ مەحموود بوو کە دواتر باجەکەی گەلێك قورس بوو. باڵی تورکخوازی ناو ناوەندی سلێمانی توانیان هێندەی تر زیاتر پێوەندی درودۆنگی نێوان شێخ و ئینگلیز خراپتر بکەن و شێخ مەحموود

[٣] Arnold T. Wilson, *Mesopotamia* ١٩١٧-١٩٢٠, Ed. Oxford University Press, London, ١٩٣١, p. ١٢٦

بکەنە کارتی فشار لە دژی حکومەتی بریتانیا و دواتریش دوای مساوەمەی نێوان تورکیا و ئینگلیزیش دۆڕاوی لە هەمووان گەورەتر هەر کورد بوو.

## III

هاوزمانە خۆشەویستەکانم،

ئەم چەپکە بەڵگەنامەیەی ئێرە تەواوکەری ئەو پرۆژە زۆر گەورەیە کە دەمێکە کاریان لەسەر دەکەین. ڕاستییەکەی بەڵگەنامە بە فرانسی لەسەر شێخ مەحموود زۆرە و ڕەنگە هێشتا بایی یەك دوو بەرگی دیکە و ڕەنگە زیاتریش بەڵگەنامە و دەستاوێژی تایبەت بە شێخ مەحموود مابن. ئێمە پێمان وابوو کە جارێ دەکرێ ئەوەندەی دەستکەوتووە و لەبەر دەستە لەبەرگێکدا بڵاوبکرێنەوە و بەڵگەنامەکانی دیکە بۆ بەرگەکانی دیکە دابنرێن. من هەمیشە لام وابووە کە ئەم جۆرە کارانە تا زوو بڵاوبکرێنەوە هێشتا هەر درەنگە. لەم ڕوانگەیە بوو کە ئەم بەرگی یەکەمە بڵاوکرایەوە و کە هیوادارم بەرگی دووەمیشی هێندە نەبات و ئەوهێندە کاتمان ببێ تەواویان بکەین. ئەم بەڵگەنامانە بۆ یەکەمجار ڕوناکییەکی زۆر دەخەنە سەر مێژوونووسیی بزووتنەوەکەی شێخ مەحموود و گەلێك زانیاری تازە و نوێیان تێدایە کە پێشتر لە هیچ جێگەیەکدا باسیان نەکراوە بە تایبەت مەزبەتەکانی وەفدی حکومەتی شێخ مەحموود بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی ۱۹۱۹ کە ئەوە بۆ یەکەمجارە بڵاودەکرێنەوە. حەزدەکەم ئەوە بۆ خوێندەواران دووبارە بکەمەوە کە ئێمە دەکۆمێنتەکانمان وەکوو خۆی بە بێ زیاد و کەم کردووە بە کوردی و هەوڵمانداوە بە موو لە ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکان دوورنەکەوینەوە.

لەم ڕووەوە هیچ ئازادییەکمان بە خۆمان نەداوە تەنانەت دەستکاری یەک تاقە وشەش بکەین بۆیە ئەگەر لە بەڵگەنامەیەک بە پێشمەرگەکانی شێخ مەحموود گوترابێ (باند) ئەوا ناچاربووین لەبەر ئەمانەتی مێژوویی دەکۆمێنتەکە وەکوو خۆیمان نووسیوەتەوە و تەنانەت ئەو جێگایانەی یا ئەو وشانەش کە هێلیان لەژێر بووە، ئەوانە هی خودی دەکۆمێنتەکەن و هیچی لە ئێمەوە نییە. ئێمە ئەوەندە پابەندی ناوەڕۆک و دەربڕینی زمانی دەکۆمێنتەکان بووین نەمانوویستووە بکەوینە دوای ئەوەی شتێک بە کوردی دابڕێژینەوە کە خاوەنەکەی مەبەستی نەبووە وابڵێ. ئامانجی هەوەڵ و دوایی ئێمە لەم وەرگێڕانە کردنە کوردی دەقاو دەقی بەڵگەنامەکان و خستنە بەردەستی توێژەرەوە و مێژوونووسانی کوردە بە بێ هیچ دەستکاری کردنێک.

ئێستە کە ئێمە ئەم بەڵگەنامانە بە کوردی و هاوکات کۆپی ئۆریژیناڵە ئەسلەکانیشی بەسەر یەکەوە بڵاودەکەینەوە زۆر جێگەی خۆیەتی سوپاس و پێزانینی زۆری خۆمان ئاڕاستەی مامۆستا ڕەفیق ساڵح، مامۆستا فازیل کەریم ئەحمەد ( مامۆستا جەعفەر) و برای خۆشەویستم کاک سدیق ساڵح بکەم کە زۆر بەگەرمی هاندەر و پشتگیری ئەم کارەمان بوون. هەروا سوپاسی زۆری هاوسەری خۆشەویستم فاتیمە ئەحمەد موراد دەکەم کە لە کاری سکانی بەڵگەنامەکان کۆمەگی پێکردم.

**نەجاتی عەبدوڵڵا**

**پاریس، ٢٣ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦**

## یەکەم بەش

# بەڵگەنامە مام

## ***بەڵگەنامەی ژمارە* : ١***

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

**شیفرە خوێندنەوە**

***بەغدا، ٤ی نیسانی ١٩١٩ لە ١٢ و ٢٠ دەقیقە.***

**( ٥ ی نیسان لە کاتژمێر١٠ و ٥٠ دەقیقە گەیشتووە)**

**ژمارە ٢١١.**

**ئاغا پەترۆس لە ٢ ی ئەم مانگە نامەیەکی بۆ بەرێوەبەرانی ئینگلیز لە بەغدا نووسیووە و بە نهێنی ئەم زانیاریانەی خوارەوەی پیّ ی ڕاگەیاندم کە لە کوردستانەوە بە دەستی گەیشتوون:**

**" تورکەکان کۆمیتەیەکیان ( دروست کردووە) کە ئەندامەکانی لە کوردستانەوە هاتوون بۆ پرۆپاگەندەکردن بۆ بەرژەوەندی تورکەکان. هەروەها کوردەکانیش کۆمیتەیەکی نەتەوەییان دروستکردووە کە سەرۆکەکەیان شێخ عەبدولقادری نەهری یە کە ئێستەکە لە کۆنستانتینۆپلە. ئەندامەکانی ئەم کۆمیتەیە مانگانەیەکی ٥ لیرەی تورکی و سەرووتر وەردەگرن.**

**" شێخی کوردەکانی سلێمانی دوو نوایندەی بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی[**] هەناردووە لەگەڵ مەزبەتەیەك کە لە لایەن کوردەکانی ئەم**

---

[*] هەموو ئەم ژمارانەی ئێرە کە دەکەونە سەرووی بەڵگەنامەکانەوە لە دانانی ئێمەن و هیچ پێوەندییەکیان بە بەڵگەنامە ئۆریژینالەکانەوە نییە، وەرگێر.

[**] Conférence de la paix

ولاتـەوە مـۆرکراوە، وێـرای ئـەوەی کـە ئـەم داوایـە لـە ڕوکەشـدا پێـشنیاریەکانی بـە قـازانجی حکومـەتی بریتانییـە بـەڵام ئامـانجی ڕاستەقینە بە زار لە لایەن نوماینەدەی تایین پێشکەش دەکرێ و تەواو لەگەڵ ناوەڕۆکی مەزبەتەکە* جیاواز دەبێت.

**شارل رۆ**

**کونسلی فرانسا**

*Charles Roux*

---

* *mazbata*

*بەڵگەنامەی ژمارە : ٢*

*وەزارەتی کاروباری هەندەران*

**شیفرە خوێندنەوە**

*بەغدا، ٢٦ ی ئایاری ١٩١٩ کاتژمێر١٧ و ٥٠ دەقیقە.*

(١ ی حوزەیران، کاتژمێر ١٦ و ٤٥ دەقیقە گەیشتووە)

بە بێ ژمارە.

کۆمیسێری سیڤیل ئەم بەیانیە پێی وتم کەوا ڕووداوێکی زۆر ترسناك ئێستە لە سلێمانی ڕوویداوە. مەلیك مەحموود ( بڕوانە تێلێگرامی ژمارە ٢٥٧ م) کە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە کرابووە حاکم ڕاپەریووە و هەموو پیاوەکانی خۆی چەکدار کردووە و تەواوی ئەفسەرە سیاسییە بریتانییەکانی لەم وڵاتەدا بە دیل گرتوون: دووانیان دەشێ کوژرابن. لە گەشتێکی فرۆکەوانیدا کە پێری کۆمیسێری سیڤیل کردوویە توانیوویە لە ڕەوشەکە بگات و زیندانییەکان ببینێ. ئەم جولانەوەیە هەڕەشەی ئەوە دەکات تا ڕواندوزیش بتەنێتەوە.، کۆلۆنێل ویلسن پێ ی ووتم ئەمەش ئەنجامەکەیەتی: ١٤ خاڵەکەی سەرۆك ویلسن، کەوا کوردەکان دەیانەوێ یەکێتی کوردەکانی ئێران و تورکیا بە دەستبهێنن بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. یەك (لەشکری) بە هێز کە پێکهاتووە لە لیوایەك بۆ ناوچەکە هەناردراوە بۆ گەڕاندنەوەی یاسا و ڕێگە گرتن لە کوشتاری مەسیحیەکان.

**شارل رۆ**

*Charles Roux*

**کونسلی فرەنسی**

*بەڵگەنامەی ژمارە : ٣*

بەسرە، ٣٠ ی ئایاری ١٩١٩ کۆنسولگەری فرانسا

لە میزۆپۆتامیا

ئیدارەی کاروبارە

سیاسی و بازرگانییەکان

ئاسیا-ئۆقیانووس

ژمارە ١٨٤

فەخامەتی بەڕێز ڕۆ، موعتەمیدی کونسلی فرانسا لە میزۆپۆتامیا

بۆ جەنابی بەڕێز ستیفێن پیشۆن، وەزیری کاروباری دەرەوە

-پاریس-

## پشێوییەکانی کوردستان

شەرەفی ئەوەم هەیە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نووسراوە، ڕاگەیەندراوێکی ڕۆژی ٢٦ ی ئەم مانگەتان بۆ بنێرم کە لە چاپەمەنییەکانی ناوەخۆدا لەبارەی پشێوییە تازەکانی کوردستان نووسیوویانە.

لە سلێمانی ( ناوچەی دەسەڵاتی ئینگلیز) شێخ مەحموود ناوێک کە ڕاگرتنی ئاسایشی ناوچەکەی پێسپێردرابوو، دەستی بەسەر

حکومەتــدا گرتــوە و خەزێنــەی بــەتاڵان بــردووە و ئەفــسەر سیاسییەکانی ئینگلیزی لەم شارەدا بە دیل گرتووە.

مۆر

لە بریتی کونسلی فرانسا*

* بە داخەوە ناوەکە نەخوێندرایەوە، وەرگێر.

***بەڵگەنامەی ژمارە : ٤***

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

**شیفرە خوێندنەوە**

***بەغدا، ١٢ ی حوزەیرانی ١٩١٩ کاتژمێر١٢ و ٤٠ دەقیقە.***

**( ١٣ ی مانگ، کاتژمێر ٩ و٤٥ گەیشتووە)**

**ژمارە *٣٧١* .**

**سەبارەت بە کوردەکان**

**درێژەی تێلگرامی ژمارە ٣٦٨ م.**

**لە ناو خەڵکدا دەڵێن کەوا کوردەکان زیندانییە ئینگلیزەکانییان لە سەربانی ماڵەکانیان لە ناو تەڵبەندی داخراو داخستووە تا ڕێگە لەهێرشی بۆمبابارانی فڕۆکەکانی بریتانی بگرن.**

**شارل رۆ**

*Charles Roux*

**کونسلی فەرەنسی**

***بەڵگەنامەی ژمارە: ٥***

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

**شیفرە خوێندنەوە**

***بەغدا، ١٨ ی حوزەیرانی ١٩١٩ کاتژمێر ١٨ و ٤٥ دەقیقە.***

**( ٢٣ ی مانگ، کاتژمێر ٧ و ٥ گەیشتووە)**

**ژمارە ٣٨٠ .**

**درێژەی تێلگرامی ژمارە ٣٧١ م.**

**ڕاگەیندراوێك لە کوردستانی جنووبی بە مێژووی ١٥ ی حوزەیران ڕایدەگەیەنێ کەوا ڕوداوی زۆر کەم لەم هەفتەی دواییدا ڕوویانداوە. زۆر لە لایەنگیرەکانی شێخ مەحموود ئەویان جێهێشتووە، بەلاّم هێشتا سوارچاك و پیادەی خۆی لە ناوچە هاوسێیەکانی دەربەندی بازیان هەر لەگەڵە. لە بڕێك لەم گوندانەی کە دەستیان لە دوژمنایەتی دژ بە ئینگلیزەکان هەیە هێزەکانی ئەمانەی دوایی چوونەتە ناو ئەم گوندانەوە. مولك و حاڵی حکومەتی بریتانی بەردەستخراوەتەوە و چەند بارمتەیەکیش وەکوو گەرەنتی بۆ دوارۆژ گلدراونەتەوە. ئازووقە بە ئازادی گەیەندراون بۆ ناو زونی کەرکووك–چەمچەماڵ.**

**ڕەوشەکە بە شێوەییێکی گشتی لە بارە.**

**شارل رۆ**

*Charles Roux*

**کونسلی فرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٦**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

**شیفرە خوێندنەوە**

***بەغدا، ٢٠ ی حوزەیرانی ١٩١٩ کاتژمێر ١٥ و ٣٠ دەقیقە.***

**( ٢٤ ی مانگ کاتژمێر ٢٢ گەیشتووە)**

**ژمارە ٣٨٢ .**

**درێژەی تێلگرامی ژمارە ٣٨٠ م.**

**ڕۆژی ١٨ ی حوزەیران، کاتژمێر ٤ ی بەیانی، بریتانییەکان ڕایانگەیاند کەوا بە بێ ئاستەنگ دەربەندی بازیانیان گرتووە. زیانی سەرجەمی دوژمن هێشتا نەژمێردراوە، بەڵام لە نێوان دیلەکاندا شێخ غەریب و شێخ مەحموود ئەمین دەبینرێن.**

**دەستکەوتی ئینگلیزەکان ژمارەیەکی زۆر چەك و چۆڵ، ئەسپ و مێترالیۆزە. سوارەی ئینگلیز بەردەوامبوون لە پێشڕەوی و شەو چوونەتە ناو شاری سلێمانییەوە. هەموو ئەو بریتانیانەی کە لە ناو شاردا بوون ساغ و سەلامەت بوون.**

**شارل ڕۆ**

*Charles Roux*

**کونسلی فرەنسی**

***بەڵگەنامەی ژمارە: ٧***

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

**شیفرە خوێندنەوە**

***بەغدا، ٢٣ ی حوزەیرانی ١٩١٩ کاتژمێر ٦ و ٣٠ دەقیقە.***

**( ٢٧ ی مانگ کاتژمێر ٤ و ١٥ گەیشتووە)**

**ژمارە ٣٨٥ .**

**درێژەی تێلێگرامی ژمارە ٣٨٢ م.**

**شـێخ لەلایـەن ئینگلیزەکانـەوە لـە ( وشـەی نهـێنی) ی نزیـك سـلێمانی بـە دیلگـیراوە. گوایـە برینـدارە. ژەنـەراڵی سـەرکردایەتی گشتی دەبێ بە بێ وەستان خۆی بگەیەنێتە سلێمانی.**

**شارل رۆ**
Charles Roux
**کونسلی فەرەنسی**

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٨** **کۆمیسێریای بەرزی کۆماری فرانسا**

**لە سوریا و ئەرمێنیا**

**ئیدارەی کاروبارە**

**سیاسی و بازرگانییەکان**

**ئاسیا-ئۆقیانووس**

**ژمارە ٣٠٥**

**٢٣ ی تەمموزی ١٩١٩**

## داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان

**بۆ جەنابی بەڕێز ستیفێن پیشۆن*، وەزیری کاروباری دەرەوە-**

**پاریس،**

**وەزیری بەڕێز،**

***دوو وەفدی کوردستان، سەید ئەحمەد ئەفەندی، ئەندامی بنەماڵەی شێخ مەحموودی کاندیدی حکومەتی کوردستان و ڕەشید زەکی وەفدی سلێمانیی کوردستانی جنووبی بەمزوانە دوای گەشتێکی درێژ لە ڕێگەی بەغدا-حەلەب گەیشتنە بەیرووت و داوایان لێکردم بۆ سەفەری فرانسا ئاسانکاریان بۆ بکەم.***

---

* Stephen Pichon

*فەرمانی توند لە سەرکردەی گشتی لەبارەی ئەم دوو کەسەوە هاتووە کە هەموو ئیمکانیەتێکیان لەمبارەیەوە بوەستێنرێ و ئەوە پیشانبدرێ کە هاوپەیمانەکانمان پابەندی ئەوەن کە دەنگی خەڵکی کوردستان نەگاتە ئەوروپا.*

*ئەم دوو وەفدە نامەیەکیان ئاراستە کردم کە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا وەرگێڕاوەکەی بۆ بەڕێزتان دەنێرم کە بریتین لە داخوازینامەی گشتی و ئارەزوویانە بیخەنە بەردەمی حکومەتی کۆمار.*

وێنەیەکی دەقا ودەقی ئەم بەڵگەنامانە دروانەتە وەفدی ئەمریکی کە هاتبوونە بەیرووت و گوێ بیستی ڕەشید زەکی بوون. بەڵام ئەم ڕەوتارە ناتەواوە و مایەی داخە کە ئەم کۆمیسێرانە سەردانی ناوچەکانی مووسڵ و عێراق یان نەکرد وەك لە تێلێگرامی ژمارە ٩٣٩ ئیشارەم پێدابوو بۆ جەنابتان. وادیارە کە لەوێش ڕای گشتی تەواو لایەنگیری داگیرکەرەکان نییە.

وەزیری بەڕێز ڕێزلێنانی بێپایانم قەبووڵ بفەرموون.

**ئیمزا**

**ف. جۆرج پیکۆ***

---

* Georges-Picot Francois

بەڵگەنامەی ژمارە: ٩

<u>نهێنی</u>

بەیروت (هۆتێلی ئەمریکا)
٦ ی تەمموزی ١٩١٩

**بۆ بەڕێز کۆمیسێری پایەبەرزی**

**حکومەتی فرانسا لە بەیرووت**

*من وەفدی کوردستانی خواروومم، ئەمانەی خوارەوە ڕادەگەیەنم:*
*حکومەتی کورد کە لە سلێمانی پێکهاتووە ئەم (ناوچانە) دەگرێتەوە:*
*لە ماردین تا سنە بەرەو باکور بە ( سنە) شەوە، لە ورمێ وە تا باش قەڵا. لەکاتی ڕووخانی کەرکووک، پێش ئاگربەس هەموو دانیشتوانی کەرکووک بە تێکرایی شێخ مەحموود- ئەندامی بنەماڵەی پیرۆزی شێخەکانی بەرزەنجیبیان بە پاشای خۆیان هەڵبژارد، شێخ مەحموودیش لە لای خۆیەوە لەسەر ڕەزامەندی گەورەی هەموو دانیشتوان ڕازی بوو.* لەبەر نەبوونی هێڵی تەلگراف نەمانتوانی هاوپەیمانەکان ئاگادار بکەینەوە. دوای ئاگر بەس، پەلەمان کرد لەوەی حاکمی گشتیی سەربازی لە عێراقی هاوسێمان ئاگاداربکەینەوە. دوای ئەم پێوەندی گرتنە، ئەم کارمەندە بەرزە، سێ ئەفسەری لە بەغداوە هەنارد و پاشامان بە خۆشییەوە پێشوازی لێکردن و وەکوو کارمەند لای پاشا مانەوە. کەمێك دواتر حاکمی عێراق، بەڕێز ویلسن* بەخۆی هاتە سلێمانی و ڕایگەیاند کە لە

---

Lt-colonel Wilson *

ماوەیەکی کەمدا سەربەخۆیی (کوردستان) بە ڕەسمی ڕادەگەیەنرێ و ڕازی بوو لەسەر ئەوەی کە چەند نوێنەرێك هەڵبژێردرێن و بنێردرێن بۆ پاریس بۆ ئەوەی داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد بکەن. ئێمە دوو نوێنەرین، هاوکارەکەم سەید ئەحمەد ئەفەندی، ئەندامی بنەماڵەی پاشای دوارۆژمان چووەتە دیمەشق بۆ بە ڕەسمی ناسینی ئەرکی ئێمە و ئامادەکردنی پاسپۆرتی پێویست بۆ گەشتەکەمان. ٢٠ ی ئاداری ڕابووردوو ئێمە سلێمانیمان جێهێشتبوو، ٦ ڕۆژ دواتر گەیشتینە بەغدا، بەڵام بەو پێیەی کە *گەشت بەشێوەیەکی ڕەسمی لە ڕێگەی بۆمبای زۆر پر ئاستەم و دوورودرێژبوو، بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری حاکمی عێراق، هاول[*] ڕێگەی زەویمان گرتەبەر، لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا گەیشتینە حەلەب. ئەو پاسەپۆرتەی کە لە بەغدا بۆمان ئامادەکرابوو هەر تا حەلەب دیاریکرابوو و بۆ بەردەوامی ڕێگە دەبوایە پەنا بۆ ماژۆر براێن[**] ببەین، کە ئەویش یەکەمجار بەغدای ئاگادارکردەوە و بۆ وەڵام وەگیرخستن چەند ڕۆژێك چاوەڕێمان کرد، وەك دواتر ماژۆر خۆی پێی ڕاگەیاندین کە وەڵامی بەغدا ئەوەیە کە ئەوان ڕازین بەڵام دەبێ پرسەکە بخرێتە بەردەم سەرکردایەتی گشتی لە میسر و دیمەشق، چەند ڕۆژێك دواتر ئاگاداریان کردینەوە کە وەڵامی سەفەرەکەمان هاتۆتەوە، ژێنرال ئەللینبی[***] هات ئاگاداریکردینەوە*

---

Hawel [*]

Major Brayen [**]

[***] لە وەرگێڕاوە فرەنسییەکە نووسراوە Général Allemby، بەڵام ڕاستییەکەی Général Allenby و هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەمە دەبێ هەڵەی چاپ بووبێ، وەرگێڕ.

*کە وەفدی کوردی بۆ نوێنەرایەتیکردنی نەتەوەی کورد لە لایەن لەندەنەوە ڕێگەی پێدراوە و ئەوان ڕۆیشتوون و چیتر پێویست بە چوونی کەسانی دیکە ناکات.* بۆچی ئەم هەموو ماوە درێژە ئێمەیان ڕاگرت بۆ ئەوەی ئەووەڵامەمان پیێ بڵێن؟ ڕۆژێکیان لە گەرمەی قسە و باس لەگەڵ سەرکردەی گشتی، فاولی*، لەبارەی پرسی کوردەوە، پرسی سەرۆکایەتی خستە ڕوو، بۆ ئەوەی بزانیێ من لەمبارەیەوە چۆن بیردەکەمەوە. من تێڕوانینی خۆم نەشاردەوە. سیێ کەسایەتی بۆ پاشایەتی کورد بریتین لە :

*یەکەم: حاکمی ئێستەی سلێمانی، شێخ مەحموود،*

*دووەم: مەحمودی بەهیم پاشا، کۆنە سەرکردەی سوارەی حەمیدییە کە لە قەراخ شاری دیاربەکر دەژی،*

*سێیەم: عەبدولرەزاق، ئەندامی بنەماڵەی بەدرخان. من ستایشی تایبەتی شێخ مەحموود و ئەو ڕێز و حورمەتەم کرد کە لای خەڵکی هەیەتی کە سیفاتی ویستراوی هەیە و پەسند و لە هەموان بەرچاوترە و کورد تەنها هەر ئەویان دەویێ.*، موخاتیبەکەم هەموو ئەو شتانەی کە من دەمگوتن تێبینی لەسەر دەنووسینەوە. بەڵام من لام وابوو کاروبارەکان بە ئاقارێکی دیکەدا دەڕۆن، ئەگەر کارێکی وەك ئەمە لە ئارادبێت ئەوە دژ بە ئارەزووی نەتەوەی کوردە و یا چاوەڕێکردنمان چوار مانگ لێرە دوایی ئەوەمان پێی بڵێن کە ئەوانەی دیکە نێردراون بۆ ئەوەی جێگەی ئەوانی دیکە بگرنەوە.

دوای چاوەڕوانییەکی ٤٠ ڕۆژەی بێسوود لە حەلەب بیێ ئەوەی بتوانین هیچ وەڵامێکمان وەچنگ بکەویێ هاتمە ئێرە، هەر ئەو دەمەی

---

* Folly

له بەیروت بە بوونی منیان زانی، ناچاریان کردم بگەڕێمەوە حەلەب و بە تەلگراف هەموو لایەکیان لە من ئاگادارکردەوە. کۆمیسێری سیاسیی نیشتەجێی بەیرووت، بەڕێز مارگار** بایەخی بە ڕەوشی من دەدا و وادەی پێدام ئاسانکاری سەفەرم بۆ بکات، بەڵام هێندەی نەبرد ئەو تێلگرامەی کە بۆ ژێنەراڵ ئەللینبی هاتبوو بۆی دووپاتکردمەوە، کە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە ناردنی ڕەشید زەکی و سەید ئەحمەد شتێکی زیادە. بەو بیانووەی کە ئاو و هەوای بەیرووت شێدارە فەرمانی بۆ دەرکردم بچمەوە حەلەب. لەو لای دیکەوە هاوخەباتکارەکەم سەید ئەحمەد کە لە دیمەشق بوو فەرمانی بۆ هاتووە ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە حەلەب و ئەوە چەند ڕۆژێکە هیچ دەنگ و باسێکی نازانم. لەسەر داوای خۆم و بۆ درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەم لێرەدا بۆ کاری تەواو تایبەتیی خۆم ڕوخسەتی یەك هەفتەیان بۆ درێژکردمەوە لەگەڵ فەرمانی ئەوەی کە ڕۆژی ٨ ی تەمووز دەبێ بڕۆم.

ئامانج لەم عەریزەیە ئەوەیە کە بەڕێزتان لەکاروبارەکان و بێهیوایی خۆم ئاگاداربکەمەوە، کە بێهیوایی نەتەوەیەکە کە بەمشێوەیە مامەڵە لەگەڵ وەفدەکانی کرا و ئاستەنگ و کۆسپیان هێنرایە پێش بەو ئامانجەی ڕێگەی سەفەری پاریسم لێبگرن، ئەوان دەزانن کە هەرکات گەیشتمە پاریس هەموو شتەکان دەخەمە ڕوو، ئەوەی کە ئینگلیزەکان نایانەوێ. هەربۆیە من سرنجی کۆمیسێری بەرزی فرانسا بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە کۆنفرەنسی ئاشتی لەو وردەکاریانە ئاگاداربکاتەوە تا بتوانن بەگوێرەی تێرمەکانی

** Margar

ئاخاوتنی سەرۆك ویلسن كە هەموو دونیا پشتیوانی لێكرد، فەرمانی ئازادبوونم دەربكەن. دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگیرێ كە كورد نەتەوەیەكی ئەو هێندە گەورەیە كە بەشێكی لە ئێران و بەشێكی دیكەشی لە توركیایە و لە چەند ملیۆنێك پێكهاتووە. نەتەوەیەكی كۆن و خاوەن مێژووییێكی خۆراگر، ڕاست و ڕەوان، بەوەفایە و شایانی ئەوەیە بەتەك ئەندامە فرانسییەكانەوە شوێنێكی لە كۆنفرەنسی ئاشتی هەبێ.

لەوەتای چوار مانگە وەك سەرگەردانێك لێرە و لەوێ دەسوورێمەوە، دەتوانم گەواهی ئەوەتان بۆ بدەم كە كوردەكانی جنووبی، ئەو چاكەیە لەبیرناكەن كە لەگەڵیان كراوە، لەبەرانبەر بەرژەوەندییەكانی دۆستەكانیان خۆیان دەكەنە قوربانی و خۆیان سەربەرز دەبین چاكە بكەن، زیاد لەوەش زۆر هەستیارن لەبەرامبەر ئاستەمیەكاندا و وزە و بەرگری نیشان دەدەن. كوردستان زەوی و زارەكەی ئێجگار بەر بلاو و نەكێلراوە و چەندین (كان)ی لێیە، هەموو چەشنە میوە و ئاژەڵێك، هەڵبەت نابێ ئەوەش لە بیربكەین كە خەڵكەكەی زۆر لە نەتەوەكانی دیكە زیاتر پێویستیان بە یارمەتی هەیە. من منەتبارتان دەبم بە ناوی مرۆڤایەتییەوە ئەم داخوازینامانەی خوارەوە كە خواستی هەموو كوردەكانن بگەیەننە بەردەست حكومەتی فرانسا.

١- سەربەخۆییەكی تەواو، بەبێ قەید و شەرت بدرێتە حكومەتی كوردستانی جنووبی لە ژێر حاكمیەتی شێخ مەحموود كە نشینگەكەی لە سلێمانی دەبێ،

٢- فەرمانی سەفەر كردنم بە ئەمان بۆ فرانسا دەربكرێ،

٣- هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەك كە لە دەرەوە دێن دژ بە كوردەكانی دانیشتوانی جنووبی ڕابگیرێ.

٤- من هانا وەبەر بەخشندەیی میهرەبانانەی حكومەتی فرانسا دەبەم بەو جۆرەی كە بە پێویستی دەزانێ بێت بە هانای كۆمەگی دانیشتوانانی سلێمانی كە بە قۆناغێكی زۆر سەخت دا تێپەڕدەبن.

٥- من ڕاگەیاندنی زۆر گرینگتر و زۆر ڕاشكاوانە ترم پێیە ئەگەر ئێوە حەزبكەن چاوپێكەوتنێكم لەگەڵدا ڕێكبخەن.

٦- ڕێگەدان بە ئەمان و ئازادی بۆ كەسیی خۆم بۆ ئەوەی بتوانم پێوەندی بگرم.

٧- وێنەیەكی ئەم نامەیە دراوە بە كۆمسیۆنی ئەمریكی.

٨- ئەوە لەیاد مەكەن كە مەلیكی كوردستانی جنووبی و بندەستەكانی هاوسۆزیی ڕاستەقینەتان بۆ ڕەوانە دەكەن و داوای پشتگیریتان لێدەكەن.

٩- منیش لە لایەن خۆمەوە ڕێزی تایبەتی خۆمتان پێشكەش دەكەم و لێتان دەپاڕێمەوە داخوازییەكانم بگەیەننە شوێنی مەبەست.

ڕەشید زەكی

وەفدی سلێمانیی كوردستانی جنووبی

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٠**

**کۆمیسێریای**
**بەرزی**
**کۆماری فرانسا**
**لە سوریا و ئەرمێنیا**
**ئیدارەی کاروبارە**
**سیاسی و بازرگانییەکان**

**ئاسیا-ئۆقیانووس**
**ژمارە :٤٥٣**

**بەیرووت، ٢٥ ی ئابی ١٩١٩**

**لە بەڕێز دو لە فۆرساد*، سەرکاری کۆمیسێریای بەرزی فرانسی لە سووریا و ئەرمێنیا بۆ**
**بۆ بەڕێز جەنابی ستیفێن پیشۆن، وەزیری کاروباری دەرەوە**

**پاریس**

## لەبارەی کوردستانی جنووبییەوە

**شەرەفی ئەوم هەیە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نووسراوە، سێ نامە بۆ جەنابتان ڕەوانە بکەم کە یەک لە دوای یەک بۆ سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی، سەرۆکی کۆمەڵەی گەلان و دواجار بۆ شەریف پاشا، وەک**

---

* De La Forcade

بالیۆزی تورکیا لە ستۆکهۆلم و نوێنەری داخوازییەکانی کوردەکان لە پاریس نێردراون.

ئەم نامانە هاوکات لەگەڵ ئەم مەزبەتەیەی خوارەوە (پاشکۆی ژمارە یەك)[٤] دا کە لەلایەن سەید ئەحمەد، وەفدی کوردستانی جنوبی دراونەتە ئەفسەری پێوەندی لە دیمەشق، کە بە گوێرەی نامەیەکی ڕەسمی مۆرکراوی کۆلۆنێل ویلسن[٥]، کۆمیسیێری ئۆفیسی سیاسی لە مێزۆپۆتامیا کە هاوڕێ لەگەڵ ئەم نامەیە کۆپیەکی بۆ دیپارتومان دەنێرین (پاشکۆی دووەم) کە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە لە مانگی ئاداری ڕابووردووەوە ڕێگەی پێدراوە بۆ چوونی بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی.

لەوساتەوە وادیارە هەل ومەرجەکان گۆڕدراون، چونکو هەموو ئاستەنگێکی شیاو لە ڕێگەیدا بۆ سەید ئەحمەد دروستکران تا ئەوکاتەی سەفەرەکەی بەتەواوەتی قەدەغەکرا.

ئیمزا

دو لا فۆرساد

---

[٤] بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە ( ١١ ) ی ناو ئەم کتێبە، وەرگێڕ.

[٥] بۆ نامەکەی کۆلۆنێل ویلسن، بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە ( ١٢ ) ی ناو ئەم کتێبە، وەرگێڕ.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١١**

**ژمارە ١ (کۆپی)**

**دیمەشق، ١٨ ی ئابی ١٩١٩**

**بۆ بەڕێز**

**کۆلۆنێل کووس [*]، ئەفسەری پێوەندی**

**حکومەتی فرانسا لە دیمەشق**

**ئەو نوسراوە ڕەسمیانەی کە من پێمە و لەلایەن حاکمی گشتیی سەربازی عێراق، کۆلۆنێل ویلسن پشتگیری کراوە، گەواهی ئەوە دەدەن کە حکومەتەکەی من، حکومەتی کوردستانی جنووبی منی بە وەفد ناردووە تا نوێنەرایەتی بکەم لە کۆنفرەنسی ئاشتی، تا سەربەخۆیی سیاسیەکەی بۆ بگێردرێتەوە و بەرژەوەندییەکانی پارێزراو بن. بەهەمان شێوە هەر بەو سیفەتەوە ڕێگەم بەخۆم داوە ئەم نامەیەتان بخەمە بەردەست.**

**کوردستانی جنووبی کەوتۆتە نێوان عێراق و ئێران لەوەتای ٦٢ ساڵ [**] دەبێ سەربەخۆیی خۆی لە دەستداوە ئەوە بەمزوانە دەبێتە نۆ مانگ بەگوێرەی هەلومەرجی گرێدراوی نێوان ئەم وڵاتە و حکومەتی ئینگلیز کە ئێستە بە ناوی هێزەی هاوپەیمانەکانەوە**

---

[*] Cousse

[**] نەمانزانی بۆچی لە مەزبەتەکەدا نووسراوە لەوەتای ٦٢ ساڵەوەیە، ئەگەر وابێ ١٩١٩–٦٢= دەکاتە ساڵی ١٨٥٧، کە لەم ساڵەدا دەمێک بوو کوردستانی جنوبی سەربەخۆیی (نیسبی) خۆی لەدەستدابوو. ڕاستییەکەی دەبوایە بنووسرابوایە لەوەتای ٧٢ ساڵەوە، وەرگێر.

عێراقـی داگیرکـردووه، سـەربەخۆیی خـۆی وەچـنگ خـستۆتەوە. لەوساکەوە حکومـەتێکی هاوشاری پێکهێناوە و ئۆتۆنۆمییەکەی لە لایەن ئەنگلستانەوە ناسراوە.

ئـەرکێك کـە خرابـووە سەرشـانم، دەبووایـە بڕۆیـشتمایە پـاریس، کەچـی بـە بیـانووی ئـەوەی گوایـە ئەفـسەرانی پێوەنـدیی ئینگلیـز چاوەڕوانی زانیارین لە بارەی پرسی منەوە، لە دیمەشق گلدرامەوە. لە کاتی چاوەڕوانیدا بیستم فەوجی ئینگلیز بەمەبەستی شەڕکردن لەگـەڵ بۆلـشەویکەکانی ڕووس و ئیتحادییـەکانی تـورك لـە نـاو وڵاتەکـەم، هەڵیانکوتاوەتـە سـەر هاوخـەباتکارەکانم و زۆر دڵرەقانـە کەوتوونەتە خوێن ڕشتنی خەڵکی بێگوناه، لەکاتێکدا ئەمە زۆر ڕوون و لەبەرچاوە کە داب و نەریت و ترادسیۆنی کورد لەگەڵ پرەنسیپی بۆلشەویکەکان ناگونجێ. من ئەوەتان بۆ دووپات دەکەمەوە کە ئەو ڕابوونـە میللییانـەی[٦] لـە وڵاتەکـەم بـەرپابوون لـە سـۆنگەی ئـەم مۆتیڤانەی خوارەوە سەریانهەڵداوە:

١– چەوساندنەوە و زولم زۆر دژ بە گەلی کورد.

٢– دەستێوەردانی دەسەڵاتکارانی سەربازی (ئینگلیز) لە کاروباری ناوەخۆی حکومەتەکەم.

کورد کە نەیتوانی بەرگەی ئەم حاڵەتانە بگرێ، پەنای بردە بەر چەك و پێی وابوو تاکە ڕێگەیە بۆ بەرگری لە خۆ کردن. بێگومان ئەو دەستێوەردانە سەربازیەی ئینگلیز کە لە وڵاتەکەم دەکران تەنها یەك

---

[٦] لە تێکستە فرانسییەکە نووسراوە les émeutes کە بە بێ هیچ گومانێك لێرەدا واتەی (ڕابوون) هەڵستانەوە میللییەکان دەگەیەنێ، وەك چۆن وشەکە بە واتەی ئاشووب، هەرای میللی–یش دێ، وەرگێر.

ئامانجیان لەبەرچاو بوو کە ئاژاوەی تێدا بنێنەوە و لەوێشەوە بەدوای ئەوەدا بگەڕێن بێ توانایی حکومەتەکەم بسەلمێنن.

ئەفسەری بەڕێز، ئەمە ئەوەبوو کە من بە ئەرکی سەرشانی خۆم زانی بۆتان بگێرمەوە تا بەڕێزتان هیمەتی ئەوە بکەن ناوەڕۆکەکەی بگەیەننە حکومەتی فرانسا کە بە بێ وەستان داکۆکی لە ئازادی گەلانی چەوساوە دەکات. ئێمە لێتان دەپاڕێننەوە کۆتاییێك بۆ ئەم جۆرە کارانە دابنێن لە وڵاتەکەم.

ئەفسەری بەڕێز، دەربڕین و هەستی تەواو دڵسۆزانەم قەبووڵ بفەرمووە.

**سەید ئەحمەد**

**وەفدی کوردستانی جنووبی** [*]

---

[*] بە داخەوە زۆر گەڕاین دەستخەتی ئەم نامەیەی سەید ئەحمەدمان نەدۆزییەوە و ئێمە تەنها کۆپییەکی زۆر کاڵی فرانسەوی ئەم نامەیەمان چنگ کەوت کە بە حاڵ دەخوێنرایەوە. بەو هیوایەی ڕۆژێك ئەم دەکۆمێنتە و زۆر دەکۆمێنتی دیکە کە ونن مابن و لە لایەکەوە سەردەربهێنن، وەرگێڕ.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٢**

**ژمارە ٢** **(کۆپی)**[*]

**١٢٣/٥**

**ئۆفیسی کۆمیسێری سیڤیل**

**بەغدا**

**٢٧ ی ئاداری ١٩١٩**

**هەڵگری ئەم نامەیە سەید ئەحمەد، لە خزمانی شێخ مەحموودی دەسەڵاتداری کوردستانی جنووبییە کە ئێستە سەرکردەی ئێستەی ئەم بەشەی نەتەوەی کوردە. سەید ئەحمەد بە ڕەزامەندی کۆمیسێری سیڤیل لە میزۆپۆتامیا لە ڕێگەی مووسڵ، نەسیبین و حەلەب بۆ سەروکاری کاروباری ئێستەی نەتەوەی کورد دەچێتە پاریس بۆ بەردەم کۆنفرەنسی ئاشتی.**

**بڕی پارەی ٥٥٠ لیرەی تورکی لە لایەن شێخ مەحموود بە ناوی مەسرووفاتی سەید ئەحمەد بۆ خەرجیی سەفەرەکەی دانراوە. داواکراوە کە سەید ئەحمەد ئاسانکاری بۆ بکرێ بۆ ڕاکێشانی ئەو بڕە پارەیەی کە پێویستی دەبێ. هەموو ئەوە بڕە پارەیەی کە ڕادەکێشرێ دەبێ لە پشت ئەم نامەیە بنووسرێت و تەلگرافێ تایبەتی**

---

[*] ئەم نامەیە لە بنەڕەتدا هەر بە ئینگلیزی نووسراوە و ئێمە ئەم دەکۆمێنتەمان لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی و لەبەر ئەوەش کە کۆپی ئەم دەکۆمێنتە هێندە کاڵ بوو کە هەر لە کاغەزێکی سپی دەچوو، ناچار بووین لە دووەم بەشی ئەم کتێبەدا بەڵگەنامەکەمان وەکوو خۆی دەقاو دەق بە ئینگلیزی بنووسینەوە، وەرگێڕ.

بـۆ ئـەم نووسـینگەیە بنێردرێـت. ڕەشـید ئەفەنـدی هـا وەڵی سـەید ئەحمـەد دەکـات و پێـشبینی دەکـرێ کـە وەرگێـڕێکیش لـە حەلـەب بەگەڵ گروپەکە بکەوێ.

## سەرهەنگی دووەم

## ئۆفیسی کۆمیسێری سیڤیل

بەڵگەنامەی ژمارە: ١٣

حوەیدەر، ٣ ی سێپتامبەری ١٩١٩

ئیدارەی کاروبارە

سیاسی و بازرگانییەکان

ئاسیا–ئۆقیانووس

ژمارە ١٤٥

فەخامەنی بەڕێز ڕۆ، موعتەمیدی کونسلی فرانسا لە میزۆپۆتامیا بۆ جەنابی بەڕێز ستیفێن پیشۆن، وەزیری کاروباری دەرەوە

–پاریس–

کوردستانی جنووبی

## لەبارەی شێخ مەحموود

بە تێلێگرامی ژمارە ٤٦٦ ی دوێنێم، جەنابتانم لەو هەنگاوە بەخشندەییە ئاگادارکردەوە کە دەسەڵاتکارانی باڵای بریتانی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە لەبەرامبەر شێخ مەحموودی یاخیبوو پیادەی بکەن کە لە ئایاری ڕابووردوو کوردستانی جنووبی لە دژی ئینگلیزەکان راستکردەوە.

شەرەفی ئەوەم هەیە پارچەی بڕاوی ڕۆژنامەی (بەغدا تایمس) * بۆ دیپارتومان بنێرم کە ئەم هەواڵەی بڵاوکردۆتەوە. ئەو لێکدانەوانەی

* بەغدا تایمس: *Bagdad Times*

کـە هاوکـات لەگـەڵ ئـەم ڕاگەیانـدراوە چـاپەمەنییە بڵاوکرانـەوە بـە شێوەیەکی سووك و منداڵانە بوون.

ئیمزا

ڕۆ Roux

بەڵگەنامەی ژمارە: ١٤

***بەغدا، ٣ی سێپتامبەری ١٩١٩***

***ڕۆژنامەی***

**Bagdad Times*

***هەواڵی سووککردنی سزای لە سێدارەدانی شێخ مەحموود بڵاودەکاتەوە***

## ***پشێوییەکانی سلێمانی***

لە ستوونەکانی پێشووتری ڕۆژنامەکەماندا ڕامانگەیاندبوو کە سەرهەڵدانی پشێوییەکانی سلێمانی کە لە لایەن شێخ مەحموودەوە دنەدرابوو هەر کەمێك دوای تێکشکانی یەکجاری و بە دیل گیرانی شێخ بەردەوام بوو و دواتر گەڕانەوەی ئاسایش و نیزام لە ماوەی چەند ڕۆژ دواتر گەڕایەوە.

بە گوێرەی یاسای عەسکەری، سزای ڕاپەڕینی چەکدارانە دژ بەو هێزە سوپاییانەی وا دەستیان بەسەر وڵاتدا گرتووە، لەسێدارەدانە و ئەو دادگایەی وا لەم دواییەدا شێخ مەحموودی موحاکەمە کرد، دوای گوێ بیس بوونی شایەتی زۆر کەسی خەڵکی سلێمانی، هیچ هەڵبژاردنێکی دیکەی نەبوو جگە لە سەپاندنی حوکمی لە سێدارەدان بە گوێرەی یاسا.

ئەفسەری فەرماندەیی گشتی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە شێخ مەحموود بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەو ئەفسەرانە کردووە

---

* ژمارەی ڕۆژی ٢ سێپتامبەری ١٩١٩

که کەوتوونەتە بندەستی، بۆیە سزای لەسێدارەدانەکەی سووککرد بۆ ماوەی ١٠ ساڵ دوورخستنەوە بە بێ کاری سەخت. یەکێکی دیکە لە بنەماڵەکەی شێخ، شێخ غەریبی سیتەك بە زیندانی پێنج ساڵ و هەرا سزای ١٠,٠٠٠ ڕووپییە سزا درا. ئەم سزا یە لە لایەن سەرۆکی سکرتێری سەرکردایەتی گشتی پشتراستکراوەتەوە. باش وایە خەڵك لەوە تێبگەن کە ئامانجی شێخ مەحموود لەو ڕابوونە یاخیبوونەدا گەڕان بووە بە دوای بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆیدا. خەڵکی کوردستان دەزانن و کەیفساز دەبن بزانن کەوا شێخ ناتوانێ چیدیکە زیانیان پێبگەیەنێ. تەنیا لە ڕێگەی دوورخستنەوەی ئەم پیاوانە و جێگیرکردنی حکومەتێکی ڕێکخراو، سلێمانی دەتوانێ وەك تەواوی ناوچە داگیرکراوەکانی دیکە پێش بکەوێ*.

* ئەم بەڵگەنامەیە لە ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی، وەرگێر.

بەڵگەنامەی ژمارە: ١٥

کۆنستانتینۆپل، ٣ ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩ بەشی زانیاری زەریاوانی

تورکیا

ژمارە: ١١٤٤

–نهێنی–

## ئینگلیز و کورد

*لە سەرچاوەیەکی ئاسایی چاك:*

شێخ مەحموود، سەرۆکی هۆزە کوردیەکان، کە ژمارەیەکی زۆر لەشکری لەبەردەستە، ماوەیەك بەر لە ئێستە لە ناوچەی موسل، لە سلێمانی پەلاماری شوێنەکانی ئینگلیزی داوە. ئینگلیزەکان دوای ئەوەی زیانێکی بێشوومارییان بەرکەوتووە واپێدەچێ ناچاربوو بن لە هەموو هێڵەکان خۆیان بکێشنەوە. ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ژمارەیەك تانکی ئینگلیز لە لایەن کوردەکان تێکشکێنراون و بڕێکی ئێجگاری زۆری ئازووقە و تەقەمەنیش بە هەموو شێوەکانییەوە دەستیان بەسەردا گیراوە.

شێخ مەحموود وادیارە سەرقاڵی کۆکردنەوەی لەشکر و پێکەوەنانی کادیرە بۆ سوپاکەی، کە ئێستە دەگاتە ٢٥ هەزارکەس.

ئەم هەواڵە هەروا لەو بروسکەیەش دا هاتووە کە کۆمیتەی نیشتمانی سیواس لە ٢٦ ی سێپتامبەری رابوردوو بڵاویکردۆتەوە و

لە ٢٨ ی مانگ لە کۆناکی[*] زۆنگولداغ هەڵواسراوە. ئەمەیان چەند وەرگێراوێکیەتی:

" ئینگلیز زیانێکی زۆریان لە نزیک سلێمانی و کەرکووک پێگەیشتووە، نزیکەی ٢٥٠٠ کوژراو، ٤٠٠٠٠ ڕۆبل، ٣٧ کیسە پارە، ٥٠٠ ئەسپ، ١٢ مەتریۆلۆز، ١٥٠ تفەنگ، لە دوای ئەم ڕووبەڕووبوونەوە شێخ مەحموود کە سەرداری ئەم ناوچەیە، چۆتە پێش بەو نیازەی کەرکووک-یش بگرێ.

هەڵبەت، بە گوێرەی بڕێك دەمگۆ، شێخ مەحموود لەوانەیە خۆی لەم نەبەردەدا بریندار بووبێ.

بەگوێرەی برێك زانیاری کە گەیشتوونەتە وەزارەتی جەنگ، فەرماندەی وەحدەیەکی ئینگلیزی کە لە میزۆپۆتامیا لە ناوچەی بەغدا خەریکی ئۆپیراسیۆن بووە، بە خۆیی و هێزەکانی لەوانەیە لەلایەن هۆزە عەرەبەکان و بەدەوەکان دەورەیان گیرابێ. تا ئێستە ئەو هەولانەی بۆ ئازادکردنیان دراون بێهودە ماونەوتەوە و قەول وقەرار لەمبارەیەوە هێشتا بەردەوامە.

**ئیمزا**

**بۆلان[**]، مولازیمی کەشتیەوانی**

**سەرۆکی سێرڤیسی زانیاریی زەریاوانیی**

---

[*] کۆناك: واتەی ڤیلا یاوەکوو چەشنە ماڵی گەورە دەگەیەنێ، وەرگێر.

[**] Bollin

بەڵگەنامەی ژمارە: ١٦

(کۆپی) پاریس ٢٥ ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩

٢٠, Avenue de Messin VIIIe
T: Wigram ٩٣-٢١

بۆ بەڕێز جەنابی ستیفێن پیشۆن، وەزیری کاروباری دەرەوە

وەزیری بەڕێز،

شەرەفی ئەوەم بەرکەوت بەوەی ئەو نامەیەم وەرگرت کە ئێوە لە ١٠ ی ئەم مانگە بۆتان نووسیبووم.، نامەکەی سەید ئەحمەد، وەفدی شێخ مەحموود ئەفەندی سلێمانی تان بۆ ڕەوانە کردم[٧]. من سوپاسگوزاری جەنابتانم بۆ ئەم بەخشندەییەی نامە ئالوێرییە. ڕێگە بەخۆم دەدەم لێتان بپارێمەوە کە لە ڕێگەی کۆمیسێری بەرزی کۆماریی لە سوریا، وەڵامەکەی منیش بگەیەننە دەست خاوەنەکەی.

وەزیری بەڕێز لەگەڵ سوپاسی گەرمی پێشدەستیانەم، ڕێزلێنانی زۆر بێ پایانم قەبووڵ بفەرموون.

ئیمزا

شەریف

---

[٧] بەداخەوە ئەم نامەیە هیچ شوێنەوارێکی دیار نییە و بۆمان نەدۆزرایەوە، وەرگێر.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٧**

**کۆماری فرانسا**

**وەزارەتی کاروباری دەرەوە**

**ئیدارەی کاروبارە**

**سیاسی و بازرگانییەکان**

**ئاسیا–ئۆقیانووس**

**ژمارە ٥٥٥**

**١٣ ی نۆڤەمبەری[٨] ١٩١٩**

**لە وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ کۆمیسێری**

**بەرزی کۆماری فرانسا لە سووریا**

**شەرەفی ئەوەم هەیە ئەمەی خوارە، نامەیەکتان بۆ ڕەوانە بکەم کە لەلایەن شەریف پاشای نوێنەری داخوازییەکانی کورد لە پاریس گەیشتۆتە دەست من و بۆ سەید ئەحمەد ئەفەندی، وەفدی کوردستان لە دیمەشق ڕەوانەکراوە[٩].**

---

[٨] بەداخەوە مێژووی نووسینی ئەم نامەیە هێندە کاڵ بووبۆوە کە بۆمان نەخوێنرایەوە، ئەم مێژووەش بە حاڵ لەناو مۆری وەزارەت کە بەسەر بەڵگەنامەکەوە بوو وەرمانگرتووە، کە بێگومان دەبێ مێژووی بەڵگەنامەکە کەمێك پێش ئەم مێژووە بێت، وەرگێر.

[٩] بە داخەوە ئەم نامەیەی شەریف پاشا کە دەبوو هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامە بووایە، نە ئەسلی نامەکە و نە وەرگێڕانە فرەنسییەکشی لەگەڵدا نییە، وەرگێڕ.

**بەڕێزتان ناچاردەکەم، ئەم نامەیە بە ئەمانەتەوە بگەیەننە دەست خاوەنەکەی، ئەمە ئەگەر ئێوە تەگەرەی فەرمانێکی کەسیی یا سیاسی تێدا نەبیننەوە**

**بەڵگەنامەی ژمارە:١٨**

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***

**شیفرە خوێندنەوە**

***ژمارە: ١٦٠٧***

***بەیرووت:١٧ ی ئابی ١٩٢٠ لە ١٠ و ٣٠ دەقیقە.***

**(لە ١٨ی ئابی ١٩٢٠ لە کاتژمێر ٣ گەیشتووە)**

**بەغدا، ١٤ ی ئابی ١٩٢٠**

**بۆ پاریس، ژمارە ٢٩٨**

**نهێنی**

**تێبنی مۆرکراوی N ٧**

**کلایتۆن* کۆمیسێری سیڤیلی ئاگادارکردۆتەوە کە سەید ئەحمەد، یەکێك لە وەفدە کوردەکانی شێخ مەحموود لە گەڕانەوەی لە بەیرووت هاتبوو ئەو سیناتێرە* ببینێ کە لە دیمەشق لە چوون و هاتنەوەیدا چاوی پێکەوتبوو.**

---

* Clayton

** سیناتێرSignataire : واتە ئەو کەسەی کە مۆری پەیماننامەیەك یا کارێك دەکات، وەرگێر.

**سەید ئەحمەد پیّ ی لەسەر (دووبارە گەڕاندنەوەی) کۆنترۆلی کورد داگرتووە بۆ سەر سلێمانی لەژێرچاوەدێری شێخ (وشەیەکی نەناسراوە). گوتوویە کە هۆزەکان تەواو مەیلیان بۆ ئینگلیزەکان هەیە بەلاّم سیستمی ئێستایان بەدڵ نییە(.). هۆزەکان داوای ئەمنستیەك دەکەن بۆ سەرۆکە بەدیلگیراوەکانیان.**

**سیناتێرەکە پێی وایە کە بەشێوەیەکی ئاسایی ( وشەیەکی نەناسراوە) هەڕەشەی لە ئینگلیزەکان کردووە، بەلاّم لەوانەیە بتوانین بەکاریبهێنین بۆ ڕێگە گرتن لەوەی کوردەکان (خۆیان) لەم ئاشووبانەی ئێستەوە بگلێنن.**

**کۆمیسێری سیڤیل بۆ زانیاری بە نیشاندانی بڕێك ( گومان) ئەم تێبینییەی گەیاندۆتە ئەفسەری ( وشەیەکی نەناسراوە) شاری خاوەن مەسەلەکە.**

Chauvet

**شوڤێ**

***بەڵگەنامەی ژمارە:١٩***

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***
**شیفرە خوێندنەوە**

***بەیرووت: ٥ ی سێپتامبەری ١٩٢٢، کاتژمێر ١٦***
(لە ٥ ی سێپتامبەری ١٩٢٢، کاتژمێر ١٩ و ٥٥ دەقیقە گەیشتووە)

***ژمارە: ٧٠٨***

**بەغدا، ٣ ی سێپتامبەر، ژمارە ٨٩**
**دەگەڕێمەوە سەر تێلیگرامەکانم ژمارە ٨٣ و ٨٤.**

**لە ژێر گوشاری (تورکی) کوردی، ڕانیە و دەربەند لە لایەن ئینگلیزەکانەوە چۆڵکراوە و بەرەو کۆیسنجەق پێچاویانەتەوە، بەڵام فرۆکەکان تا ڕەواندوز بۆمبارد ومان دەکەن. لەبەرامبەر ئەم ڕەوشەدا، کۆمیسێری باڵا بە پەلە شێخ مەحمودی لە کوێت ڕا هێناوەتەوە لە هەوڵێك بۆ ئەوەی بیکەنە دەسکەڵای خۆیان لە کوردستان. ڕاستییەکەی ( ئینگلیزەکان) ناتوانن چیتر پشت بە سەید تەها ببەستن کە لەگەڵ سمکۆ گرفتار بووە، بەجۆرێك کە (تێکشکانی) سمکۆ گومانی تێدا نییە، چونکو هێزەکانی (ئێران) دیلمان، ورمێ و**

**سابڵاغ یان داگیرکردۆتەوە. سمکۆ و سەید تەها (هەردووکان) لە قەلات زێوە [*]ن.**

**ئیمزا**

**گۆڕۆ**

[*] لە تێکستە فرانسییەکە نووسراوە Kalat-ziva

***بەڵگەنامەی ژمارە:٢٠***

***وەزارەتی کاروباری هەندەران***
**شیفرە خوێندنەوە**

***ژمارە:٧٢٢***

***بەیرووت: ١٦ ی سێپتامبەری١٩٢٢، ١٩ و ١٠ دەقیقە***
(ڕۆژی ١٧ ی سێپتامبەری١٩٢٢، کاتژمێر ١٨ و ٤٠ دەقیقە گەیشتووە)

**بەغدا، ژمارە ٩٢**
**دەگەڕێمەوە سەر تێلیگرامی ژمارە (٩٠)م.**

**بەشێك لەو هێزە ئاسمانییەی کە ناردراوە بۆ سەر سنوورەکانی کوردستان، بۆ چۆڵکردنی کەسایەتییە ئینگلیزەکان لە سلێمانی بەکارهێنراوە. ئەم چۆڵکردنە ئەو هێندە بە خێرایی بووە کە ناچاربوون ٤ لەك* و نیو ڕوپییە لەناو شاردا (لەژێر) چاوەدێری حکومەتی لۆکال کە بەشێوەیەکی کاتی لەژێر چاوەدێری براکەی شێخ مەحموودا دروست بووە بەجێبهێڵن. ئەمەی دوایی (واتە براکەی شێخ مەحموود) هەر ئێستە گەیشتۆتە بەغدا و بە فرۆکەش دەگەڕێتەوە سلێمانی.**

---

* لەك lakh واتە سەد هەزار ڕووپییە، وەرگێڕ.

٧٥٠ سەربازی پەنجایەمین هێزی چەکدرێژیی بەسرە بۆ کەرکووک بەرێکەوتوون. دەسەڵاتکارانی ئینگلیز (بڕیاریان) داوە کویسنجەق بگرنەوە.

کەشتیگەلی جەنگیی" Southampton " گەیشتۆتە بەسرە.

**بەڵگەنامەی ژمارە:٢١**

## لەسەر سنووری کوردان

**ژمارەی ١٥ ی تەمموزی ١٩٢٣ ی ڕۆژنامەی**
**" تنیکاس" ی تاران.**

**بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی لە تارانەوە گەیشتوون، شێخ مەحموود لە کوردستان خۆی ئامادە دەکات. — پێشتر سوارەی تورکی ناردۆتەوە سەر سنووری ئێران.**
**سەید تەها بە خۆیی و ٢٠٠ سوارەوە گەیشتۆتە لای شێخ.**

*بەڵگەنامەی ژمارە:٢٢*

**ناڕەزایی کوردستانی ئێران**
**دژ بە سیاسەتی ئینگلیز**

*تێلێگرامی کوردستان، ڕۆژی ١٠ ی حوزەیرانی ١٩٢٣ و ڕۆژی ١٣ ی حوزەیران گەیشتووە و لە چاپەمەنییەکانی سۆڤیەتیی قەفقاز دا بڵاوکراوەتەوە.*

*بۆ سەرەك وەزیرانی ئێران،*
*کۆپییەك بۆ مسیۆنی ئەمریکی، تورکی، ئیتالی، ڕووسی و فرانسی.*

*لەوەتای جەنگ (یەکەمی) جیهانییەوە، ئێمەی دانیشتووی کوردستانی جنووبی، هەمیشە داوامان لە ئینگلیزکردووە ڕێزلە مافە نەتەوەییەکانی ئێمە بگرێ. سوپا و فڕۆکەکانی ئینگلیز وڵاتیان کردە وێرانە و خەڵکیان کوشت. ئینگلیزەکان ڕێگەمان نادەن دەنگمان هەڵبڕین بۆ ناڕەزایی دەربڕین و سکالی خۆمان دەربڕین. لەوەتای ١٩٢٢-ەوە دەسەڵاتکارانی ئینگلیز، بە یاریدە و کۆمەگی هێزی سەربازی، هەموو هەوڵێکیانە بۆ بەزۆر گرێدانی کوردستانی جنووبی بە عەرەبستان ( شیفرەکە ناخوێندرێتەوە.......)*

***" به ناوی مرۆڤایەتییەوە داوا دەکەین وەفدێکی بێلایەن بنێرن تا بەچاوی خۆی تێبینی دەسەڵاتی ئینگلیز و وێرانییەکانی بکات.***

***ئیمزاکەرەکان:***

***پاشای کوردستانی جنووبی، مەحموود، پارێزگاری سلێمانی، سەید کەریم، لە جیاتی بەگزادەکانی بابان- بەگباش ڕەزا، سەرۆکی هۆزی خۆشناو[١٠]، عەبدولکەریم، سەرۆکی سەیدەکانی قەرەداغ، سەرۆکی هۆزەکانی پژدەر: حاجی رەسووڵ، عەلی ئاغا زادە، کاخود ئاغا، ڕەسووڵ ئاغا زادە، ئەحمەد ئەمین بەنزادە، ئەحمەد زادە، ئەحمەد نۆکەیە نوێنەری کوردستانی جنوبی، ئەحمەد پۆست نیشتی، وەفدی ڕەواندوز، حسام ئەلدین، ئەحمەد مەدحەت، ئاریستۆکرات و بەگزادەکانی سلێمانی ئەحمەد پاشا زادە، عەبدولڕەحیم موفتی زادە، موحەمەد راپیس سادات بەرزەندە، سەید حوسێن، ڕەسووڵ زادە، هتد[*].***

---

[١٠] لە تێکستە فرانسییەکە نووسراوە Khechoune و ئێمە بە خۆشناو مان خوێندەوە، وەرگێر.

[*] لە دووبارە نووسینەوەی ئەم ناوانە کێشەمان زۆر بوو بۆیە ئەگەر لە ناوێکدا سەرچیخ چووبین زۆر داوای لێبوردن دەکەین، وەرگێر.

بەڵگەنامەی ژمارە:٢٣

## شێخ مەحموود دەداتە پاڵ تورکەکان

ژمارە ٦٠ ی رۆژی ١٧ ی ئاداری ١٩٢٣
ی رۆژنامەی " زاریا ڤۆستکا" ی تفلیس

تاران، ١٣-٣-١٩٢٣

بەشێوەیەکی ڕەسمی ئەوە دوپاتکرایەوە کەوا شێخ مەحموود، کە بەم دواییە لە لایەن ئینگلیزەکان کرابوە پاشای کوردستان، لە جەنگێکدا کە لە نزیک سلێمانی کردوویە دژ بە ئینگلیزەکان، داویەتە پاڵ تورکەکان.

بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٤

**١٥ ی حوزەیرانی ١٩٢٣**

A -٧٠٦

***لە ژێنرال دو لە پانووز[*] ، ئەتاشەی سەربازی کونسلخانەی فرانسا بۆ بەڕێز وەزیری جەنگ، سەرکردەی گشتی سوپا، بیرۆی دووەم پاریس.***

## ***ڕەوشی کوردستان***

***بەو جۆرەی کە من لە نامەی ژمارە (٦٥٩) ی ڕۆژی ٥ ی حوزەیران نووسیبووم، سەید تەها وەکو ئەفسەری دەڤەری ڕەواندوز دامەزراوە. لەوکاتەوە هیچ ڕووداوێك ڕووی نەداوە. لە سلێمانی لەوەتای شێخ مەحموود ڕایکردووە بۆ ئێران، بەڕێوەبردنی شار لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەن بەڕێوەدەبرێ کە لەو کاتەوە دامەزراوە کە شێخ مەحموود لە بەغدا گەڕایەوە. ئەم ئەنجوومەنە لەچەند بەگزادەیەکی وڵات پێکهاتووە، ئەمانە هاتوون داوایان لە کۆمیسێری بەرزی بریتانی کردووە تا یارمەتیان بدات لەبەڕێوەبردنی ناوچەکەدا. واپێدەچێ وەڵامی دڵنیاکەرەوەیان پێدابن.***

***ئیمزا***

***دو لە پانووز***

---

[*] De la Panouse

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٥**

**١٠ ی تەمموزی ١٩٢٣**

A -٨٢٠

***لە ژێنرال دو لە پانووز، ئەتاشەی سەربازی کونسلخانەی فرانسا***

***بۆ بەڕێز وەزیری جەنگ، سەرکردەی گشتی سوپا، بیرۆی دووەم.***

***پاریس.***

## ***ڕەوشی کوردستانی جنووبی***

***لەوەتای ڕاکردنی شێخ مەحموود، بەڕێوەبردنی کوردستانی جنووبی بە شێخ قادری برای شێخ مەحموود سپێردراوە کە لە سلێمانی دادەنیشێ و پەنجا پیاوێکی لیڤی وەك هێزی پۆلیس لەبەردەستە.***

***هیچ هێزێکی نیزامی لە سلێمانی نەماوە و هەموو ئەو مەفرەزانەی وڵاتیان تەی دەکرد و ڕاوی شێخ مەحموودیان نا ئێستە گەڕاونەتەوە کەرکووك.***

***ئێستە لەم کاتەدا پشێوی نابینرێ و دەسەڵاتکارانی بریتانی چاوەڕوانی ئەوە دەکەن هەوڵبدەن بەڕیوەبەرایەتیەکی تۆکمەتر و درێژخایەنتر دابمەزرێنن کاتێك پەیماننامەی ئاشتی لەلایەن تورکیاوە قەبووڵ دەکرێ.***

***ئیمزا***

***دو لە پانووز***

**بەڵگەنامەی ژمارە:٢٦**

**٢٩ ی ئابی ١٩٢٣**

A -٩٨٥

***لە ژێنرال دو لە پانووز، ئەتاشەی سەربازی کونسلخانەی فرانسا بۆ بەڕێز وەزیری جەنگ، سەرکردەی گشتی سوپا، بیرۆی دووەم.***

***پاریس.***

## *ڕەوشی کوردستان*

***لە کوردستانی جنووبی، شێخ مەحموود گەڕاوەتەوە سلێمانی و جارنامەیەکی بڵاوکردۆتەوە و داوا لە لایەنگیرەکانی دەکات ئاستەنگ بۆ حکومەتی فەیسەل و دەسەڵاتکارانی بریتانی دروست نەکەن، دەکرێ بۆ ئەوە بچین کە حەز دەکات لە لایەن بەغداوە بیبەخشن.***

***لە کوردستانی باکوور، سێر. هی. دۆبس* ڕای دەگەیەنێ کە زۆر لەو کارەی سەید تەها ڕازییە کە ئاسایش ناوچەکەی پاراستووە.***

***ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن سێرڤیسی هەواڵگری بریتانی لە بەغداوە کۆکراونەتەوە، ئەو وەسپەی لەبارەی ڕەوشی هێزەکانی تورك کە لە نێوان وان و سنووری کوردستان دەکەن مایەی خەفەتهێنە، ئەفسەرەکان چەکەکانیان خراپە و پارەیەکی زۆر کەم***

---

* *سێر. هی. دۆبس*: Sir H. Dobbs

***وەردەگرن و ژمارەیەکیان ڕایانکردووە. لە ناوچەی نەهری و وان هەمووی ٣٠٠ پیاوی زێتر لێ نییە کە تەنها ١٠٠ یان لە نەهری-ین.***

***ئیمزا***

***دو لە پانووز***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٧**

**بەغدا، ٢٣ ی نیسانی ١٩٢٤** **کۆنسولگەری فرانسا**

**لە میزۆپۆتامیا**

**ئیدارەی کاروبارە**

**سیاسی و بازرگانییەکان**

**ئاسیا–ئۆقیانووس**

**ژمارە ٦ ھ**

**لە کونسلی فرانسا لە میزۆپۆتامیا وە**

**بۆ جەنابی وەزیری کاروباری دەرەوە**

## لەبارەی ڕەوشی شێخ مەحموود

**شەرەفی ئەوەم هەیە هاوڕێ لەگەڵ ئەم نامەیە، کۆپی نامەیەکی بەڕێز عەزیز، سەرکاری کۆنسلخانەکەمان لە مووسڵ بگەیەنمە بەردەست جەنابتان کە بەگوێرەی ئەم نامەیە شێخ مەحموود لەوانەیە لە کوردستان زۆر لە نفووزی خۆی لەدەست دابێ.**

**لە لایەکی دیکەوە بەگوێرەی هەواڵە هەرە تازەکان ڕەوشی شێخ مەحموود سەقامگیرە.**

**مۆر**

**میگرێ**

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٨**

**موسل، ٨ نیسانی ١٩٢٤** **کونسلخانەی فرانسا**

**لە مووسل**

**ژمارە ٢٨**

**(کۆپی)**

**لە سەرکاری کونسلخانەی فرانسا لە مووسل–ەوە**

**بۆ بەڕێز میگرێ* کونسلی فرانسا لە میزۆپۆتامیا**

**شەرەفی ئەوەم هەیە بۆ زانیاری ئێوە ئەوەتان بخەمە بەردست کەوا بۆ تێکشکانی نفوزی شێخ مەحموود، کۆنە پاشای کوردستان و دانیشتووی سلێمانی، دەسەڵاتکارانی عێراقی کەمە کەمە سەرۆکهۆزە کوردەکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و بە تایبەتیش سەرۆکهۆزەکانی جاف، هۆزگەلی لە هەموان بەهێزتر و لە هەموانیش گرینگتر لە ناوچەکە. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، دەسەڵاتکاران پەنایان بردۆتە بەر خاتوونە[١١]، ژنی عوسمان پاشا، ئەو ژنەی کە لە ناو هۆزەکانی ناوبراو زۆر بەنفوزە و دەسەڵاتی لە گوڵعەنبەر تا سنووری ئێران دەڕوات، هەروا بۆ کوڕەکەی مەحموود پاشا: کەیخوسرەر بردوە کە هۆزەکانی لە صەلاحییە تا خانەقی دەڕوا و هەروا دواجار پەنایان بۆ شێخ عەلی حسام ئەلددینی هەورامان بردووە. بەقسەی کەسێکی**

---

* Maigret

[١١] **مەبەست لە خاتوونە، عادیلە خانمە، وەرگێر.**

جێگەی متمانە کە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لە خانەقی گەڕاوەتەوە ئەم سەرۆکهۆزە کوردانە کۆبوونەوەیەکیان کردووە و لە کۆتاییدا وەفدێکیان ناردووە بۆ لای شێخ مەحموودی سلێمانی بۆ ئەوەی کۆتاییێك بۆ ئەم ڕەوشە دابنێن. سەرۆکەکان بە شێخ یان ڕاگەیاندووە کە ئەو بەرپرسیارە لە هەموو ئەو زەرەر و زیانانەی کە لەڕێگەی فرۆکەکانی ئینگلیزەکانەوە دەکەونەوە. شێخ مەحموود کە متمانەی هەموو کوردەکانی لەدەستداوە، وەڵامی داونەتەوە کە ئەو هەموو قوربانی دانێك قەبووڵ دەکات، بەڵام لە ترسی گیانی خۆی ناوێرێ خۆی بداتە دەست ئینگلیزەکانەوە. شێخ مەحموود تاوێك پشت بە تورکەکان دەبەستێ و تاوێکیش ڕوو لە بەغدا دەکات، وادەی داوە وەك کەسێکی ئاسایی لە سلێمانی بمێنێتەوە، بەڵام حکومەت چیتر باوەڕی بە وادەکانی نەماوە و ڕایگەیاندووە تا بچێ لە بەغدا نیشتەجێ بێت.

لەسەرێکی دیکەوە، دەسەڵاتکارانی سەربازی موسڵ، دە دوانزە ڕۆژێکە فەرمانیان بۆ بەتالیۆنی سێیەمی لیڤی دەرکردووە کە لە باتاس–ن ( لە ٦ کاتژمێری شاری ڕەواندوز) تا بەرەو ڕەواندوز بڕۆن. دەسەڵاتکارانی سەربازی لە هەمان کاتدا داوای ٣٠٠ سەربازی لیڤیان کردووە تا لە ئاکرێ وە پێوەندی بە بەتالیۆنەکانیان بکەن لە ڕەواندوز. برێك لەو سەربازانەی کە سەر بەهەمان بەتالیۆنن و لە مووسڵ لە مەرەخەسی دابوون، هەفتەی ڕابووردوو بەرەو ڕواندوز بەرێکەوتون. ئەم سوپا جێپێگۆرکێکردنە مایەی چەند لێکدانەوەی زۆرە. خەڵکی موسڵ دەڵێن ئەمە بەهۆی هاتنە پێشەوەی هێزەکانی تورکیایە بۆ سەر سنووری ڕەواندوز. لە لای خۆیانەوە ئینگلیزەکان

**دەڵێن ئاو و هەوای ناجۆری باتاس ناچاریان دەکات لەم وەرزەدا ئەم جولانەوەیە بکەن.**

**ئیمزا**

**عەزیز**

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٩**

**موسل، ١٤ ی حوزەیرانی ١٩٢٤ کونسلخانەی فرانسا**

**لە میزۆپۆتامیا**

**ژمارە ٤٤**

**(کۆپی)**

**لە سەرکاری کونسلخانەی فرانسا لە مووسل**

**بۆ بەڕێز میگرێ* کونسلی فرانسا لە میزۆپۆتامیا**

**شەرەفی ئەوەم بەرکەوت لە ڕێگەی نامەی ژمارە (٢٨) ی ڕۆژی ٨ ی نیسانی رابووردوو هەڵس وکەوتە خراپەکانی شێخ مەحموود، کۆنە پاشای کوردستان و ئاگەداریکردنەوانەی کە دووبارە لەلایەن دەسەڵاتکارانی بەغدا لێکراوە تا ناچاری بکەن بچێتە پایتەختی عێراق.، بە ئاگاداری بەڕێزتان ڕابگەیەنم.**

***شێخ کە تەواو درك بە مەترسییەکانی ئەم کردارانە دەکات، هەرگیز نایەوێ گوێ لەم ئاگادارکردنەوانە بگرێ. بۆمبابارانی زۆری سلێمانی کە شێخ مەحموود تاکە بەرپرسیاری ئەم بۆمبارانکردنەیە، هەموو خەڵکی، هەتا وەکو برایەکانی خۆیشی لێی ی بوونەتە دژ، بەڵام هیچ کەس جورئەتی ئەوە ناکات ناچاری بکات خۆی بەدەست دەسەڵاتکارانەوە بدات.***

---

* Maigret

*بەهۆی هاوپشتی لێکردنی زۆری تورکەکان، شێخ وەکوو سەردارێکی ڕەها وازلە حوکمی سلێمانی ناهێنێ، هەمیشە برێک ژاندرمە و ئاژانی پۆلیسی لەژێر دەستە بۆ ئەوەی فرمانەکانی جێبەجێ بکەن. کۆنە پاشای کوردستان ئەم چەند ماوەیەی دوایی تەنها بووەتە دەسکەلایەك بە دەستی تورکەکان بۆ ئەوەی تەواوی ئەو زانیاریانەیان بۆ ببات کە بۆ ئەوان گرینگە و دەمگۆ و قاویش بە قازانجی ئەوان بڵاوبکاتەوە.*

*ئەم چەند ڕۆژانە لە موسل زۆر باسی بۆمبارانکردنی تەواو ترسناکی سلێمانی دەکرێ. بازرگانێکی مەسیحی کە لە بۆمباردوومانەکە رزگاریبووە و چەند ڕۆژێکە لە سلێمانی گەڕاوەتەوە ڕەوشەکەی بەمشێوەی دەگێڕایەوە :*

*" ڕۆژی ١٥ ی ئایاری[١٢] ڕابووردوو، چوار فرۆکە هاتن بەیاننامەیان بەسەر سلێمانی بەردایەوە، بەشێکی ئەم بەیاننامانە ئاراستەی شێخ مەحموود کرابوون و داوایان لێدەکرد خۆی*

---

[١٢] بە گوێرەی زانیارییەکانی ئەحمەد خواجە بێ، فرۆکەکانی ئینگلیز ڕۆژی ٢٢ ی ئایار بەیاننامەیان بەسەر شاردا بڵاوکردۆتەوە بڕوانە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی دووەم، لا: ٥٨ و دوایی هەر لای خواجە ڕۆژی بۆمباردومانەکە بە ٢٦ ی ئایار دەستنیشانکراوە، بڕوانە، ئەحمەد خواجە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا: ٥٩. من لام وایە ئەم مێژووەی خواجە دەستنیشانی کردووە، واتە ڕۆژی ٢٢ هەڵەیە. ئەم بەڵگەنامەیە گومانێك دەخاتە سەر زانیارییەکانی خواجە، چونکە زانیاریانەی ناو ئەم بەڵگەنامەیە زۆر گەرماو گورتر لە چیم دی، واتە هەر چەند رۆژێك دوای بۆمباردومانەکە نووسراوە و بۆ کاری شۆفاریش نووسراوە، بۆیە من بۆ ئەوە دەچم ئەو زانیاریەی ناو ئەم بەڵگەنامەیە ڕاست و ورد بن، چونکە هەر ڕێشی تێناچێ، ئینگلیز تەنها مۆلەتی سێ ڕۆژیان دابێ بۆ چۆڵکردنی شارێك، وەرگێر.

بگەیەنێتە ئەو ئۆتۆ زرێپۆشەی کە لە دوورایییەکی سلێمانی لەسەر ڕێگەی چەمچەماڵ چاوەڕوانی دەکات تا بیگەیەنێتە بەغدا و ئاگاداریشی دەکەنەوە کە ڕەفزکردنەوەی تەواوی وڵاتەکەی دەخاتە بەر تێك و پێکدان. کاغەزەکانی دیکە ئاراستەی خەڵکی شارکرابوون و ئاگادارکرابوونەوە کە لە ماوەی ١٢ ڕۆژدا شار بەجێبهێڵن. لە خوێندنەوەی ئەم کاغەزانە بەگزادەکانی شار، هەروا برایەکانی شێخ مەحموود کۆبوونەوەوەیەکیان بەست و هەموویان ڕێککەوتن داوا لە شێخی ناوبراو بکەن کۆتاییێك بۆ ئەم سیاچارەییەی شاردابنێ و ئامۆژگاریان کرد خۆی بەدەست فەرمانی دەسەڵاتکارانەوە بدات. ئەگەرنا ئەنجامەکان زۆر ڕەش دەبن هەم بۆ خۆیی و هەم بۆ خەڵکی شاریش پێکەوە. لەبەرامبەر نێردراوەکانی خەڵکدا شێخ مەحموود زۆر داوای لێبووردنی نیشاندا و بەداخەوە بوو بۆ ئەو ڕەوشە خەمگینەیەی کە بەرەبەرە بەرگە ناگیرێ، بەڵام وەك چۆن لە بەخشینەکەی دڵنیا نەبوو، ڕەتیکردەوە خۆی بەدەست دەسەڵاتکارانی بەغدا بدات و وای پێباشبوو بچێ لە ئێران دابنیشێ. هەر لەگەڵ سبەینێییەکەی بینیمان خەڵك دەستیانکرد بەوەی ڕێگەی ئاواییەکان بگرنە بەر، هۆزەکانی هاوسێ دەرفەتیان قۆزتەوە بۆ چوونە ناو سلێمانی و تاڵانکردنی بازار و ماڵەکان. ڕۆژی دیاریکراوی سەر کاغەزەکە ٥٤ فرۆکە بەدەوروبەری سلێمانی خولانەوە و بەشێوەیەکی دڵرەقانە کەوتنە بۆمبارددومان کردنی شار و سبەینێییەکەی، ٢٨ ی ئایار و ڕۆژی دواتر ئەو چەند ماڵەشیان وێرانکرد کە هێشتا هەر بەپێوە مابوون. ئەم شارە لە چاوی خەڵکە

بەدبەختەکەی بوو بە وێرانە کە لە دوراییی چەند کیلۆمەترێکەوە بەچاوی خۆیان بۆمارد ومانیماڵەکانی خۆیان دەبینی.

بۆ تۆڵەسەندنەوە لە دەسەڵاتکارانی بەغدا، شێخ مەحموود بڕیاری دا هەموو ڕەعایەی عێراق کە لە سلێمانی دەژیان بە بارمتە بگرن، بەڵام چونکوو شێخی ناوبراو لەبەرچاوی خەڵکەکە هەموو هەیبەتێکی لەدەستدا بوو، هیچ کەس ئامادە نەبوو ئەم فرمانەی جێبەجێ بکات. بەپێچەوانەوە خەڵك هەموو لایەنگیری دەسەڵاتکارانی بەغدا بوون، هەتا وەکو هەمەوەندەکانیش وەکو ئەنجامی ئەم دڵەقییە ئەو هێمنی و ئاسایشەیە ڕەهایەیە کە ئەمرۆ باڵی بەسەر کەرکووکدا کێشاوە".

ئیمزا

عەزیز

*بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٠*

**ڕاپۆرتی زانیاری**

**ژمارە ٥٧**

**١٧ ی ژانڤیەی ١٩٢٥**

**عێراق ئۆپیراسیۆنە سەربازییەکان**

## بەرەی سلێمانی

**لە یەک تا ٣٠ ی ئۆکتۆبەر، بیست ئۆپیراسۆنی سەربازی دژ بە یاخیبووەکانی کوردستان ئەنجام دراون. زۆربەی ئەم ئۆپیراسیۆنانە بە فرۆکە ئەنجام دراون.**

**شێخ مەحموود لە شەوی ١٥ بۆ ١٨ و لەشەوی ١٦ بۆ ١٨ هەوڵی دواوە سلێمانی بگرێتەوە. شێخ توانی ١٨ ی مانگ دوو گەرکی شار بگرێتەوە، بەڵام وەدەریان نا.**

**بە درێژەی مانگی نۆڤەمبەر و دیسامبەر ئۆپیراسیۆنەکان دژ بە پارتیزانەکانی شێخ کە هەر تەنها سەد کەسێك دەبن بەردەوامبوون. شێخ خۆی لە سیوەکۆلی نزیك سنووری ئێرانە.**

*بەڵگەنامەی ژمارە:٣١*

**ڕاپۆرتی زانیاری**

**ژمارە ٦١**

**١٤ ی شوباتی ١٩٢٥**

## ناوچەی سلێمانی

**(سەرچاوەیکی بڕواپێکراو)**

**١١٢**

**بۆ بەهار هێرشێکی دیکەی شێخ مەحموود دژی حکومەت ڕادەگەیەنرێ. بارەگەی سەرکردایەتی گشتی لە خانەسوورەیە*.**

**شێخ ئێستە پرۆپاگەندەیەکی چالاك دەکات لە ناوچەی کەرکووك و کفری. خەریکی کۆکردنەوەی چەکدارەکانە لە هەردوو دیوی سنووردا. هەر ئێستە دوو تۆپی چیایی لە دەسەڵاتکارانی ئێرانی لە بانە کڕیووە.**

**شێخ مەحموود لە لایەن دەسەڵاتکارانی ئێرانی لە کوردستانی ئێران دەستی لەپشتدەدرێت و چەك و چۆلی بۆ دێت.**

**ناوچەی هەڵەبجە بووەتە مەکۆی پرۆپاگەندەیەکی گەرمی شێخ.**

---

* Khanesura

*بەڵگەنامەی ژمارە:٣٢*

**ڕاپۆرتی زانیاری**

**ژمارە ٦١**

**١٤ ی شوباتی ١٩٢٥**

## ڕەوشی ناوچەی جافایەتی

**١١٣**

**هۆزەکانی ڕۆغزادە[*]، لە ناوچەی جافایەتی، چەندین جار بە توندی کەوتوونەتە بەر بۆمباباران. خەلیفە یونس، مولازیمی شێخ مەحموود، لەوانەیە نیازی ئەوەی هەبێ خۆی بدا بەدەست حکومەتەوە. ناوبرا لە مانگی ئابی رابووردوو خۆی دابووە دەست حکومەت و دواتر هاتەوە پێوەندی بە شێخ مەحموودەوە کرد.**

---

[*] Roghzadeh

*بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٣*

**ڕاپۆرتی زانیاری**

**ژمارە ٦٦**

**٢١ ی ئاداری ١٩٢٥**

**(عێراق)**

## ڕەوشی سلێمانی

**(سەرچاوەیەکی ئینگلیز ٢ی ئادار) ١٩٢٥**

**٢٢٢**

**شێخ مەحموود هێشتا هەر لە خانسورە یا لە دەوروبەری ئەو ناوچەیەیە لەگەڵ یەکێك لە مولازیمەکانی، ماجید ئەفەندی و بیست لە پارتیزانەکانی. ٩ ی شوبات پێشوازی لە بەگزادەکانی بانە کردووە.**

**لە کۆتایی شوبات لەگەڵ دە دوانزە پیادە و ٨٠ سوارەیەك لە سلێمانی نزیك بۆتەوە. تا ٥ میلی شاری سلێمانی هاتووە بەڵام بەهۆی کەمی ئازووقە ناچار بووە بکشێتەوە.**

*بەڵگەنامەی ژمارە:٣٤*

**ڕاپۆرتی زانیاری**

**ژمارە ٦٧**

**٢٨ ی ئاداری ١٩٢٥**

**( سەرچاوەیەکی ئینگلیزی دڵنیا)**

## ڕەوشی سلێمانی

**٢٦٤**

**شێخ مەحموود لە ٢٢ ی شوبات لە چەمەرەق لەم لای سنوری ئێران بووە. شێخ مەحموود ٦٠ پارتیزانی چەکداری لەگەڵدایە. سەرۆکە ڕێگرەکانی سابیر و سەمەد موحەمەد پاشای جەباری کەوتوونەتە باج سەندن لە دانیشتوانی هەرێمەکانی سەرچنار و تەنگەرە.، ئاو و هەوای ناجۆر جولانەوەکەیان تەواو هەراسان دەکات. سەرۆکەکانی دیکەی شێخ مەحموود وان لە پێنجوین.**

**بەڵگەنامەی ژمارە:٣٥**

**تاران، یەکی ئابی ١٩٢٥**

***مفەوەزیەی فرانسا***

***لە ئێران***

***ئەتاشەی سەربازی***

## ***هاوپەیمانێتی نێوان شێخ مەحموود، سالار ئەلدەولە و مەحموود خانی دزلی***

***( سەرچاوەی ئینگلیز)***

***تاران، ١٧ ی تەمووزی ١٩٢٥***

***واپێدەچێ کە ٣ سەرۆکی تایین بەمزوانە هاوپەیمانێتیەکیان لەسەر بنەمای دووگردبوونەوە دامەزراندبێ: شێخ مەحموود و مەحموود خانی دزلی.، سالار ئەلدەولە و مەحموود خانی هەورامی لەسەر بنەمای هاریکاری هاوبەش مۆرکردبێ.***

***ئەو سەرمایەی کە ئەوانە هەیەتیان بە شێوەیەکی تایبەت لەسەر ڕاو و ڕووت دێت. وا پێناچێ کە ئەمە بە تەواوی ئەنجامی دەسیسەیەك بێ لە لایەن تورکەکانەوە.***

***شێخ مەحموود لە ناوچەی سلێمانی لە لایەن هێزی لیڤی یەوە تەواو تەنگەتاو بووە، بەم زوانە خێزانەکەی خۆی لەژێر چاوەدێری مەحموود خانی دزلی لە ناوچەی دزلی داناوە و خۆشی چووە پێوەندی بە لایەنگیرەکانییەوە بکات.***

لەو لای دیکەوە سالار ئەلدەولە ناتوانێ جگە لە سەرکەوتنێکی هاوپەیمانی کەم گرینگ لە ناوچەی هەورامان هیچی دیکە بەدەستبهێنێ.

حکومەت خۆی ئامادە دەکات لە ناوچەی بەرمەبەستەکان لە ماوەی ٣ هەوتودا چەند ئۆپیراسیۆنی ئەکتیڤ ئەنجام بدات. فەوجەکانی.فیرقەی تۆرۆس چوونەتە کرماشان، دوای ئەوەی بەو فەوجانە جێگەیان گیراوەتەوە کە لە برجورد لە( فیرقەی تاران ) جێگۆرکێیان پێکراوە بەرەو سەقز و بەئاراستەی سنوور رۆیشتوون. فەوجی سنەش بە هاوبەشی لەگەڵ یەك فەوج و نیو کە لە سابلاغەوە بەرەو بانە رۆیشتوون.

**بەڵگەنامەی ژمارە:٣٦**

**سەرکردایەتی گشتی سوپا**

**بیرۆی دووەم**

**بەشی زانیاری**

**– نهێنی –**

**(٢٥ ی ئاداری ١٩٣١)**

**(سەرچاوە: ئاسایشی گشتی)**

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

**ئـا: ڕۆژی ٤ ی ئـاداری ١٩٣١ ژمارەیـەک کرێکـاری وەزارەتـی ئەشغالی گشتی لەژێر چاوەدێری ئەندازیارێك یا شوفێرێکی ئینگلیز بـە نـاوی هێرفـۆرد* بـە چـەند ئۆتۆمۆبیلێـك دەچـنە خورمـاڵ** بـەو ئامانجـەی مەخفـەرێك دروسـت بکـەن. سـێ ئۆتۆمـۆبیلی چـەکدار، کـە هەریەکەیان مەتریۆلۆزێکی تێدا بووە هاوەڵی کاروانەکەیان کردووە، بـەڵام هەرکـە دەگەنـە ٣٠ کیلۆمـەتری نزیـك سـلێمانی، کاروانەکـە لـە لایەن ژمارەیەکی زۆری لایـەنگیرەکانی شـێخ مـەحموود کـە لـە بـەرزایی پشت گاشـەبەردەکان خۆیـان لـە بۆسـەدا دانـابوو، پـەلاماردەدرێن. لـەم**

---

* Herford

** لـە تێکسـتە فرانسـییەکە نووسـراوە Karmal کـە ئێمـە پێمـان وابـوو ئەمـە هەڵـەی نـا شارەزایی ئەفسەرە فرانسییەکان بێ و ئێمە بە خورماڵ–مان خوێندەوە، وەرگێر.

وەزعەدا کاروانەکە دەکشێتە دواوە، بەڵام یەکێك لە ماشینەکان لە کاردەکەوێ و دەبێتە هۆی ڕێگە گرتن. سەرباز و مەدەنییەکان ماشینەکان بەجێدەهێڵن تا خۆیان هەڵدەنە پشت گاشەبەردەکان، سەرۆکی دەستە سەربازیەکە دەکوژرێ و کوردەکان دەوریان دەدەن. لەوکاتەی ماشینەکان بەجێدەهێڵن شەر لە شەودا تا دەوروبەری کاتژمێر ٢١ ی ئێوارە درێژە دەکێشێ. لەیەکەم کاتژمێری سبەینەکەی فرۆکەی سووسەکار لەکاتی خۆیان دەگەن بۆ ئەوەی خۆکێشانەوەی کرێکار و سەربازەکان بپارێزن تا پۆستی ماوان.

شێخ مەحموود هەر کەمێك دوای ڕوداوەکە خۆی گەیاندۆتە شوێنەکە.

بێ: ١٤ ی ئاداری ١٩٣١، باندێکی کورد پەلاماری سلێمانی دەدەن و نزیکەی ٢٥ سەربازی عێراقی دەکوژن و پاشان کوردەکان دوای ئەوەی قاسەی دارییان بە تالان بردووە، وەك دەڵێن بڕی دوو یا سێ ملوێنی تێدا بووە، خۆیان کێشاوەتەوە.

بەڵگەنامەی ژمارە:٣٧

سەرکردایەتی گشتی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

٦-٤-١٩٣١

## بەیاننامەی شێخ مەحموود

(زانیاری ناوەناوەیی زۆر چاك)

شێخ مەحموود کە لە باکووری مووسڵەوەیە ڕایگەیاندووە کە بە هیچ شێوەیەك لەو هێزانە ناترسێ کە لە بەغداوە دژی ئەو ڕەوانە دەکرێن. ئەو ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە لە حاڵێکدا کە ئەگەر تێکبشکێ و ناچار بێ بکشێتەوە، ئەوا هەموو دەم دەتوانێ پەنا بباتە ناو خاکی ئێران کە لەوێ دڵنیایە پێشوازیەکی گەرمی لێدەکەن.

بەڵگەنامەی ژمارە:٣٨

سەرکردایەتی گشتی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

(سەرچاوەیەکی بە گشتی چاك)

(٦ ی نیسانی ١٩٣١)

١- بڕی قستێکی زێدەی یەك ملیۆن ڕۆپیە هەر ئێستە بۆ وەزارەتی جەنگیی عێراقی سەرفکراوە تاوەکوو بۆ ئەو مەسروفاتانەی کە بۆ ئۆپیراسیۆنە داپلۆسینەوانەی کە دژ بە شێخ مەحموود دەیکەن خەرجی بکات.

٢- ژمارەیەکی زۆری لەشکر ئێستە لە سلێمانی گردبوونەتەوە و ئۆپیراسیۆنێکی گەورەی بەرفراوان دژ بە ناوچەکانی سەرۆکی یاخیبووان بە بێ ڕاوەستان بەڕێوەیە.

٣- شێخ مەحموود ئێستە خەریکی بەرپاکردنی جەنگێکی پارتیزانانەیە ( پەلاماردانی ئاواییەکان، کاروانەکان و گۆشەگیرکردنیان) کە ئەمە لەیەك کاتدا زەمانەتی دەستەبەرکردنی ئازووقەی بۆ دەکات و لەو جێگایانەی کە ئۆپیراسیۆنەکانی تێدا دەکات پیاوەکانی دەژیەنێ و خەڵکی گوندەکانیش بە خۆیەوە دەبەستێتەوە.

٤- لـەوەتای دە دوانـزە ڕۆژێکـە هـیچ فرۆکەیـەکی بریتـانی بەسـەر ناوچەی ئۆپێراسیۆنەکان نەسووڕاوەتەوە. لە موسڵ و کەرکووک، ئەم بێ چالاکیەی هێزی ئاسمانیی پاشایەتی بووەتە مایەی لێکدانەوەی زۆر.

بەڵگەنامەی ژمارە:٣٩

سەرکردایەتی گشتی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

– نهێنی–

٢٠–٤–١٩٣١

## چالاکی شێخ مەحموود

(سەرچاوەدەرێکی ناوەناوەیی)

شێخ مەحموود بەردەوامە لە پەلامارە پڕ چالاکیەکانی دژ بە سوپای عێراقی.

لە ماوەی مانگی ڕابووردوو، پیاوەکانی شێخ خۆیان گەیاندۆتە ناوچەی خانەقی و دەستیان بەسەر مێگەلە مەڕێکی مەلیک فەیسەل دا گرتووە کە ٢٠٠٠ سەر ئاژەڵی تێدابووە.

چەند شەڕی خوێناوی لە ناوچەی سلێمانی روویانداوە.

بزووتنەوەی یاخیبوون لە عێراق هێزی زۆری خۆی وەرگرتۆوە.

کوردەکان دەبۆی چەك و چۆڵی حکومەتی عێراقیان لە ناوچەی باکوور تالآن کردووە و ئێستا سەرداری ڕەوشەکەن. کوردەکان هەتاوەکو چەند فرۆکەیەکیشیان بەرداوەتەوە و ژمارەیەك ڕانە مێگەڵی مەلیك فەیسەل–یشیان بە تالآن بردووە.

ڕەوشەکە تەواو جێگەی نیگەرانییە. لە حالێکدا ئەگەر حکومەت لە ئێستەوە هەنگاوی بڕیاردەرانە هەڵنەنێ، چیتر ناتوانرێ ڕێگە لەوە بگیرێ کە ڕووداوەکان ڕەوتی ترسناک بەخۆوە بگرن.

فرۆکەوانی یەکێك لەو فرۆکانەی کە یاخیبووەکان خستوویانەتە خوارەوە، هەروەها ئەفسەرێکی ئینگلیز کە لەناو فرۆکەکە بووە لە لایەن کوردەکانی سلێمانییەوە کوژراون.

مەراسیمی بە خاك سپاردنی قوربانییەکان بە شکۆیەکی گەورەوە لە دەستپێکی هەفتەدا بەڕێوەچوون.

بێجگە لەوە ئیشارە بۆ ئاشووبی هۆزە کوردەکانی ناوچەی تەرگەوەر و برادۆست دەکرێ.

ئەم ئاشووبانە بە شێوەیەکی تایبەت لەسەر شێوەی کردەی ڕێگری خۆیان نیشاندەدەن.

بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٠

سەرکردایەتی گشتی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی -

## شۆڕشی کورد لە عێراق

***

(سەرچاوەیەکی چاك)

(٢٧ ی نیسانی ١٩٣١)

لە ماوەی دوایەمین هەوتووی مانگی ئاداردا، چەندین هێزی پۆلیس لە بەغدا و ناوەوەی وڵات گواستراونەتەوە بەرەو باکوور بۆ دابینکردنی پاراستنی پێوەندییەکانی سوپای عێراق لە ئۆپیراسیۆنەکانی دژ بە کوردەکان.

لە ناوچەی سلێمانی ئێستە ٥ بەتالیۆن و نیوی لێیە ( لە سەرجەمی ٧ بەتالیۆن کە سوپای عێراق هەیەتی). دوو فەوجی سوارە ( سەرجەمی سوپای سوارە) و یەك تۆپخانە و نیو، ئەمە سەرباری ئەوەی هێزەکانی پۆلیس لە ناوچەکە دەگاتە ١٥٠٠ کەس. هێزێکی سەربازی غەیرە نیزامی لە ژێر سەرکردایەتی سەرهەنگی دووەم، حاجی ڕەمەزان دروستکراوە.

لە لایەنی کوردەکانیشەوە، ئەم هۆزانەی خوارەوە پێوەندیان بە بزووتنەوەکەی شێخ مەحموودەوە کردووە:

عوسمان بەگ، سەرۆکی شەرەف بەیانەکانی (قەزای خانەقی)، کەریم فەتاح بەگ، هۆزی جاف ( کەرکووک)، هۆزی داندەی لیوای کەرکووک.

چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کە شۆڕشەکە بێ وەستان بپەڕێتەوە ناوچەی هەولێریش.

شێخ مەحموود لە ناوچەکانی شۆڕشدا باجی کودا (باجی مەرانە) بۆ خۆی دەسەنێ، بە بڕی ٤ عانە بۆ هەر سەرمەرێك لەجیاتی باجی ئاسایی ٨ عانە.

بەڵگەنامەی ژمارە:٤١

سەرکردایەتی گشتی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

– نهێنی–

## ڕەوشی کوردستانی عێراق

(سەرچاوەییێکی زۆر چاك)

٢٨ ی نیسانی ١٩٣١

ڕەوشی کوردستانی عێراق بە تەواوی ئاڵۆز بووە. شێخ مەحموود چەندین شکستی سرەواندۆتە سوپای عێراقی کە فرۆکانی بریتانی پاڵپشتی سوپای عێراقی دەکەن. فرۆکەکانی بریتانی لە ماوەی دوو مانگدا حەوت فرۆکە و دوو ئەفسەریان لەدەستداوە.

بەڵگەنامەی ژمارە:٤٢

سەرکردایەتی گشتی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

١-٥-١٩٣١

## پێکداهەڵپرژانەکانی نێوان باندە کوردەکان و لەشکری عێراق

(سەرچاوە ناوناوەییەکان)

بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی کە لە کەرکووك و موسلەوە گەیشتوون پێدەچێ ژمارەیەك پێکداهەڵپرژانی خوێناوی لە نێوان باندەکانی شێخ مەحموود و هێزە سەربازییەکانی عێراق دا ڕوویاندابێ.

ئەم سەرهەڵدانەی شێخ مەحموود زۆر لەوە ترسناك ترە کە ئێمە سەرەتا بیرمان لێنەکردۆتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ ئەوهێندە گرینگی پێبدرێ وەك ئەوەی چاپەمەنییەکانی تورك دەیانەوێ ئەو بایەخەی پێبدەن.

ناوەندە ئینگلیزەکانی تورکیا بایەخێکی ئاوا گەورە بەم هەواڵانە نادەن کە لایان وایە پیلانگێڕانەن.، تورکەکان کە بەرژەوەندیان لە سیاسەتی ناوەخۆدا هەیە دەیانەوێ ئەوە وەدیاربخەن کە لە سایەی ئەو هەنگاوانەی کە ئەوان هەڵیانهێناوە لای ئەوان ئارامە، لە کاتێکدا ئاشووبی کوردان لە ئێران و عێراقدا هەر بەردەوامە.

بەڵگەنامەی ژمارە:٤٣

سەرکردایەتی گشتی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

(١١ ی ئایاری ١٩٣١)

(سەرچاوە: ئاسایشی گشتی)

( بە تەحەفووزەوە)

## لە کوردستانی عێراق

شێخ مەحموود بەردەوامە لە ئۆپیراسیۆنەکانی دژ بە هێزەکانی شەریف، لە سلێمانی لە ١٥ ی نیسان پێکدادانێك لە نێوان پیاوەکانی شێخ مەحموود و هێزەکانی شەریف روویانداوە، ژمارەیەك بریندار بۆ بەغدا گوێزراونەتەوە.

شێخی بارزان لە لایەن ئینگلیزەکانەوە دنە دراوە تا پەلاماری هێزەکانی شەریف بدات، ئازووقەی بۆچووە، لە کاتی مەوکیبێکی سوپاییدا ٤ ئەفسەری ئینگلیز کوژراون. چەند فرۆکەیەك نێردراون بۆ بەهاناوەچوون. هێزەکانی شەریف هەڵاتوون و ١٠ کوژرا و ١٦ برینداریان جێهێشتووە.

بەڵگەنامەی ژمارە:٤٤

سەرکردایەتی گشتی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی -

## لە عێراقەوە

***

(١٨ ی ئایاری ١٩٣١)

(سەرچاوە: ئاسایشی گشتی)

بەم دواییە لە دوای ئۆپیراسیۆنەکانی (سوپا)، یاخیبووە کوردەکانی لەژێر سەرکردایەتی شێخ مەحموود، واپێدەچێ شکستێکی زۆر ترسناکیان خواردبێ کە لە دوای ئەوە پێچاویانەتەوە سەر سنوورەکانی ئێران. لە دوای ئەم شکستانە شێخ مەحموود لەوانەیە پێشنیاری خۆبەدەستەوەدانی کردبێ بەم مەرجانەی خوارەوە: شێخ پەیمان دەدات کە چیتر دەست نەداتە چەک ئەگەر خۆیی و لایەنگیرەکانی گەرەنتی ئەوەیان بدرێتێ کە هەراسان نەکرێن و مولک و ماڵی هەمووشیان بدرێتەوە.

ئەو بۆشاییەی کە بە هۆی وازهێنانی برێک لە ئەندام پەرلەمانەکان دروستبووە، لەوانەیە لە ٦ ی ئایار چارەسەر بووبێ. لەناو ئەندام پەرلەمان نوێیەکان موزاحم بەگ پاچەچی، وەزیری ناوەخۆ کە ماوەیەکی کەمە چووەتە ناو پارتی العهدی حکومەتەوە.

**چاپەمەنییەکانی حکومەتی عێراقی ئەوە دووپات دەکەنەوە کە کاپیتانی پێشوو کوپ ماتیێو* لە دوای دزی و چەك نووسینی بە بێ ڕەسید لە عێراق وەدەر نراوە.**

---

* Coop Matthew

**بەڵگەنامەی ژمارە:٤٥**

**سەرکردایەتی گشتی سوپا**

**بیرۆی دووەم**

**بەشی زانیاری**

**- نهێنی-**

**بزووتنەوەی کورد لە عێراق**

***

**(٢٠ ی ئایاری ١٩٣١)**

**(سەرچاوە: ئاسایشی گشتی)**

**رۆژی ٥ ی ئەم مانگە، ٣ کامیونی پڕ لە چەك و ئازووقە لەلایەن هێزێکی نیزامی عێراقی لە نێوان سلێمانی و قەرەداغ دەستیان بەسەرداگیراوە. بەگوێرەی ئەوە زانیاریانەی کۆکراونەتەوە، ئەم چەك و چۆڵ و ئازووقانە، دەشێ لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ شێخ مەحموود ڕەوانە کراوبن.**

بەڵگەنامەی ژمارە:٤٦

سەرکردایەتی گشتی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

(٢٨ ی ئایاری ١٩٣١)

(سەرچاوەی ئاسایشی گشتی)

ڕۆژی ١٠ ی ئایاری ١٩٣١، فراکسیۆنێکی کوردی شێخ مەحموود، پەلاماری ئاوایيەکی داوە لە نزیك خانەقی کە واپێدەچێ موڵکی کەسیی مەلیك فەیسەل بووبێ کە هەزار سەر مەری بە تاڵان بردووە.

حکومەتی عێراق هەر کە پێ ی زانی وەك دەڵێن، ڕێکەوتننامەیەك لە نێوان شێخ مەحموود و شێخ بارزان دا بووە، ڕۆژی ١٥ ی ئایار دوو بەتالیۆنی پیادەی ڕەوانەی ناوچەی ئاکرێ کردووە کە لەلایەن شێخی بارزانەوە داگیرکرابوو.

سەرکردایەتی ئەم لەشکرە داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ شێخی بارزان کردووە، لەوەڵامدا واپێدەچێ شێخ وەڵامی لێگێرابێتەوە کە ئەو تەنها مامەڵە لەگەڵ حکومەتی ئینگلیز دەکات.

بەڵگەنامەی ژمارە:٤٧

سەرکردایەتی گشتی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

## شۆڕشی کورد

***

(١ ی حوزەیرانی ١٩٣١)

(سەرچاوە: سێرڤیسی ئاسایشی حەسێتشە)

شۆڕشی کورد لە ناوچەی سلێمانی هەروا درێژەی هەیە. دەوروبەری ١٩ ی ئایاری ١٩٣١، شێخ مەحموود لەگەڵ لایەنگیرەکانی تا خانەقی ڕۆیشتوون و لەوێدا کە مولکی مەلیك فەیسەلی لێیە و ٦٠٠٠ سەرمەڕیان ڕفاندووە و زیانیان بە مولکی مەلیك گەیاندووە.

لە دوای ئەم دەستدرێژییە، بەتالیۆنی پیادەی سێ و یەك دەستەی سوارە کراونەتە سەر باندەکانی شێخ مەحموود. ٢ بەتالیۆنی پیادە لە هەمان رۆژ چوونەتە سەر شێخی بارزان بەو ئامانجەی ڕێگە لە پێوەندیگرتنی لایەنگیرەکانی بگرن لەوەی پێوەندی بە باندەکانی شێخ مەحموودەوە بکەن.

شێخ بەگوێرەی داوانامەیەك دەبوو ڕۆژی ١٧ ی ئایاری ١٩٣١ بە فرۆكە بچێتە بەغدا.

بەڵگەنامەی ژمارە:٤٨

سەرکردایەتی گشتی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

## شێخ مەحموود لە بەغدا

(٤ ی حوزەیرانی ١٩٣١)

(سەرچاوە: ئاسایشی گشتی)

ئەوە دووپات دەکەنەوە کە شێخ مەحموود لە ١٥ ی ئایاری ڕابووردوو بە هاوەڵی دوو ئەفسەری ئینگلیز چووەتە بەغدا. هێشتا لە بەغدایە بیرورا گۆڕینەوەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی بەهیچ ئەنجامێك نەگەشتوون.

مەلیك فەیسەل پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە شێخ مەحموود داخوازییەکانی کوردی بەلاوە گرینگە : " کوردەکان و ئێمە، هەموومان هەر موسلمانین". بەمشێوەیە دواوە، لە ئەنجامدا دەتوانین بە ئاسانی ڕێکبکەوین.

حکومەتی عێراقی حەزدەکات وەك دەردەکەوێ پێش ٢٠ ی حوزەیرانی ١٩٣١، مێژووی گەیشتنی کۆمسیونی ئەرك پێسپێردراوی کۆمەڵەی گەلان، کە لە کاروباری عێراق دەکۆڵێتەوە، بگاتە چارەسەرییێك.

بەڵگەنامەی ژمارە:٤٩

سەرکردایەتی گشتی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

## شۆرشی کورد لە عێراق

(٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٣١)

(سەرچاوە: ئاسایشی گشتی)

زانیاریدەرێکی جێی ی متمانە کە لە موسلەوە هاتووە ئەوەی پێڕاگەیاندین کە لە بڕێك ناوەندی عێراقی دا بەمشێویەی خوارەوە لە بارەی (چوونی شێخ مەحموود بۆ عێراق) دەدوێن.

" حکومەتی عێراق بەو پێیەی سەرزەنشتی ئینگلیزەکانی کردووە بەوەی کە هۆکاری ڕاپەرینی کوردەکانن، بە جۆرێك کۆمەگی دارایی پێدەکەن و بە چەك و چۆڵ و ئازووقە هاوپشتی لێدەکەن، دنەی شێخ مەحموود دەدەن هەڵوێستی خۆی لەبەرامبەر حکومەت نەگوڕێ. واپێدەچێ دەسەڵاتکارانی بریتانی داوای ئەم سەرۆکەیان کردبێ بۆ عێراق بەو ئامانجەی کە ئەوە نیشانبدەن کە ئەوان دەستێکیان لەم ڕاپەرینەدا نییە، بە بەرچاوخستنی ئەوەی کە وێرای ئامادەنەبوونی شێخ مەحموود، یاخیبووەکان لە ژێر سەرکردایەتی شێخی بارزان شەرەکانیان دژی حکومەت کەمتر نەبووە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٠**

**سەرکردایەتی گشتی سوپا**

**بیرۆی دووەم**

**بەشی زانیاری**

**- نهێنی -**

## ڕەوشی کوردی عێراق

***

**(٨ ی تەمووزی ١٩٣١)**

**(سەرچاوە: ئاسایشی گشتی)**

**زانیاریدەرێك کە لە عێراقەوە هاتووە ئەمانەی خوارەوەی ڕاگەیاند:**

**١- شێخ مەحموود هێشتا هەر لە ناسرییە یە کە لەوێدا چاوەڕوانی بڕیارێکی حکومەتی عێراقی دەکات. برێك دەڵێن دەیکەنە حاکمی کوردستان لە ژێر سەرپەرشتی عێراق.**

**٢- شێخ مەحموود لەوانەیە داوای لە شێخی بارزان کردبێ تا کۆتایی هاتنی وتوێژەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراقی، شەڕەکانی بوەستێنێ. شێخی بارزان لەوانەیە ڕازی بووبێ بەڵام ئەگەر هەر ڕووداوێك هاتە پێشەوە ئامادەیە بۆ هەموو ڕووبەرووبونەوەیەك.**

**٣- ژمارەیەکی زۆر لەشکری عێراق لە موسل، لە کەرکووك و لە سلێمانی کۆبوونەتەوە و ئامادەن هێرش ببەنە سەر کوردەکانی شێخی بارزان.**

٤- لـه كـاتی دوایـن سـەردانیدا بـۆ سـلێمانی، مـەلیك فەیـسەڵ چـەند کەسـانێکی سـەرەکی لــە لایــەنگیرەکانی شـێخ مــەحموود وەکــوو کارمەندی بەرز دامەزراندوون.

بەڵگەنامەی ژمارە:٥١

سەرکردایەتی گشتی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

## کورد و کۆمسیۆنی

## کەمینە نەتەوەییەکان

***

(٢٠ ی تەمووزی ١٩٣١)

(سەرچاوە: ئاسایشی گشتی)

کوردەکانی ناوچەی جەزیرە بە پەلەن چاوەڕوانی گەیشتنی ئەو کۆمسیۆنە دەکەن بۆ عێراق کە لە چوار ئەندام پێکهاتووە و لە لایەن کۆمەڵەی گەلان دەستنیشانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسی کەمینە نەتەوەییەکان. ئەوان مەبەستیانە کە ئەم کۆمسیۆنە پشتگیری داخوازییەکانی شێخ مەحموود دەکات و کوردەکانی ئاگری داغیش ئۆتۆنۆمی وەدەست دەهێنن.

ئەوان زۆر لە نزیکەوە بە گرینگی پێدانەوە بەشوێن ئەم پرسە کەوتوون، وا پێدەچێ پێوەندییەکی بەرفراوانیان لەگەڵ کوردەکانی عێراق پاراستبێ لە ڕێگەی ژمارەیەك پەیامبەرەوە کە لە هەردوو لاوە ڕەوانە کراون.

لە لایەکی دیکەوە چەندین سەرچاوەی بڕواپێکراو ئەوە دەگێڕنەوە کە لە حالێکدا ئەگەر کوردەکانی عێراق ئۆتۆنۆمی وەدەست بهێنن، برایەکانیان لە سووریا ئەوانیش نیازی ئەوەیان دەبێ داوای سەربەخۆیی خۆیا بکەن و جەزیرە بە دەوڵەتی نوێ ی تازە دروستبووی (کوردەوە) بلکێنن. زانیاریدەرێك ئەوە زیاد دەکات " ئەمانەی دوایی بە هەموو هێزیانەوە هیوای ئەوە دەخوازن ببینن ئەم پرۆژەیە جێبەجێ ببێ و هیواخوازن هەر لە ئێستەوە دەسەڵاتی ئەوەیان هەبێ بە یارمەتی ئەرمەنییەکان بگەنە ئەم ئامانجەیان، کە ئەوان دەڵێن ئەگەر هەر بزووتنەوەیەك بێ ئامادەن کۆمەگی پێبکەن".

هەتا ئەوەش دەڵێن کەوا حکومەتی تورك بۆ ئەوەی کۆتایی بە شۆرش بهێنێ لە تورکیا پشتیوانی لەم پرۆژەی پێوەلکانی جەزیرە دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاگری داغ دەوڵەتێکی ئەرمەنی-کوردی لێوە دروست ببێ ( بە تەحەفووزەوە).

**بەڵگەنامەی ژمارە:٥٢**

**سەرکردایەتی گشتی سوپا**

**بیرۆی دووەم**

**بەشی زانیاری**

**- نهێنی-**

## عێراق

## لەبارەی شێخ مەحموود

***

**(سەرچاوە: ئاسایشی گشتی)**

**(٢٩ ی ژانڤیەی ١٩٣٢)**

**بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لە عێراقەوە گەیشتوون، شێخ مەحموود لەوانەیە بۆ بەسرە دوورخرابێتەوە.**

**حکومەتی عێراقی واپێدەچێ ئەم هەنگاوەی دوای ئەو بەدواچوونەوە هەڵێنابێ کە وەك دەردەکەوێ ئەوە دەسەلمێنێ کە شێخ مەحموود بێ بەری نەبووە لەم جولانەوە شۆڕشگێرانەی دوایی.**

بەڵگەنامەی ژمارە:٥٣

سەرکردایەتی گشتی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

٢٣-٩-١٩٣٣

(سەرچاوەی ئاسایشی گشتی)

(١٥ ی سێپتامبەری ١٩٣٣)

**پرسی کورد لە عێراق**

شێخ مەحموود، سەرۆکی کوردی سلێمانی کە لە ماوەی سێ ساڵەی دوایی لە نشینگەی زۆرەکی لە ناسریە (عێراق) جێنشین کراوە، واپێدەچێ لە ٢٥ ی ئابی رابووردوو ئازاد کرابێ و وەك سەرۆکی هۆزە کوردییەکانی "جاف" و " پشدەر" لە ناوچەی سلێمانی بە موچەیەکی مانگانەی ٨٠٠ ڕوپییە.

شێخی بارزان، کۆنە شۆڕشگێر، کە لە تەمووزی رابووردوو گەڕاوەتەوە عێراق، لەوانەیە پانزە رۆژێك دەبێ کراوەتە قایمقامی ڕەواندوز.

بە ئامانجی دەستەبەرکردنی ئاسایشی ئەم ناوچەیە، حکومەتی عێراق ڕێگەی پێداوە ٢٠٠ کەس لە لایەنگیرەکانی بڕی ٥٠ ڕوپییە مانگانە بۆ هەریەکێکیان ببڕێتەوە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٤**

**سەرکردایەتی گشتی سوپا**

**بەشی زانیاری**

**بیرۆی دووەم**

**– نهێنی –**

***(سەرچاوەیێکی چاك)***[١٣]

***١٣ ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٣***

***بزووتنەوی کورد لە عێراق***

***دەوروبەری ١٠ ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٣، ئەمین زەکی بەگ، کوردی لە بەغداوە ڕا هاتوو گەیشتە بەیرووت، هاوپێچێکی بۆ جەلادەت بەدرخان پێبوو.***

***لەم بەڵگەنامەیەدا هاتووە کە شێخی بارزان لەکاتی ئیقامەی لە بەغدا، لە سەروبەندی کاروباری ئاسوورییەکان لەگەڵ شێخ مەحموود پێوەندی گرتووە و هەردوو سەرۆك بڕیارپیان داوە ڕێکەوتنێکی هاوبەش ئیمزا بکەن بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشێکی کوردی لە عێراق بۆ***

---

[١٣] گومان بۆ ئەوە دەچێ کە ئەم زانیارییە شۆفاریانە لە لایەن خودی جەلادەت بەدرخان خۆی بە دەست بەشی زانیاری بیرۆی دووەم گەیشتبن. ئەو سەرچاوە چاکەی بەشی زانیاری باسی دەکات گومانێکمان لا دروست دەکات کەوا چۆن هەر هەمان ئەو ڕۆژەی جەلادەت وەڵامی بۆ شێخ مەحموود و شێخی بارزان ناردۆتەوە ( واتە ١٣ ی ئۆکتۆبەر) هەر هەمان ڕۆژیش ئەم زانیاریانە نووسراون؟ ئەمانە سێبەری برێك گومان بە دوای خۆیاندا جێدەهێڵن، وەرگێر.

بەهاری دادێ. شێخی بارزان کە زیاتر ئازادی جولانەوەی هەیە ئێستە سەرقاڵی کۆکردنەوەی لایەنگیرەکانیەتی.

ڕای جەلادەت ئەوە بووە بەشداری دەکات و بە مامورێکی نهێنی کە دیمەشقەوە چۆتە بەغدا لە ١٣ ی ئۆکتۆبەر ڕایگەیاندووە کە پێویستە بیر لە پرسەکە بکاتەوە و دیراسەی بکات.

پێوەندییەکانی شێخ مەحموود و شێخی بارزان پێشتر لە لایەن یەکێك لە کوڕەکانی شێخ مەحمود، کە دەوروبەری ٧ ی ئۆکتۆبەر چووەتە بەیروت تا لەوێوەوە بۆ درێژەی خوێندن بچێتە ئەمریکا بە جەلادەت راگەیەندراون. ئەم کوڕە گەنجە هیچ نیشانەیەکی ڕێبەدیکاری لەبارەی پرسی ئەم گفتوگۆیانە بەکەس ڕانەگەیاندووە و وادیارە شێخی بارزان وەکوو پیاوێکی بار هاوسەنگ تێکچوو دابنێ.

ئەو پەیامبەرەی کە جەلادەت پێشوازی لێکردووە وەك هەواڵی دیکەی لە عێراق راهاتوو کە دەمێکە چاوەڕوانی دەکرێ ئەوەی زێدە کردووە کە ناکۆکی کەوتۆتە نێوان لایەنگیرەکانی یاسین ئەلهاشمی و نووری سەعید پاشا.

بەڵگەنامەی ژمارە:٥٥

سەرکردایەتی گشتی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

١٩٣٤-٠٣-١٠

*(سەرچاوەیێکی ناوەناوەی تەواو باوەڕپێکراو)*

*٢ی ئاداری ١٩٣٤*

## *لەبارەی شێخ مەحموودەوە*

*شێخ مەحموود ئێستە لە بەغدا دەژی. هێشتا دیار نییە داخۆ مەلیك غازی خانوویێکی پێدەبەخشێ. ماڵ و موڵکی شێخ مەحموود لە لایەن حکومەتەوە دەستی بەسەردا گیراوە و لەبەرامبەر ئەوەدا حکومەت کۆمەگیەکی دارایی مانگانانەی ٩٠ لیرەی ئینگلیزی بۆ بڕیوەتەوە.*

*شێخ مەحموود تەواو ناچارکراوە کە بەغدا جێنەهێڵێ و لە پێوەندیێکی کەسیی تەواو دایە لەگەڵ غازی و لەگەڵ فەیسەل-یش لە پێوەندی دا یە.*

*لە دیسامبەری (ساڵی ڕابووردوو) بەشداری لە کۆنگرەیەکی ناسیۆنالیستە عێراقییەکان دەکات و لەکاتی کۆبوونەوەکەدا وادیارە ناڕەزایی دەربڕیبێ دژی قسەکانی یەکێك لە وتاربێژەکان کە وتوویە "پێغەمبەر عەرەبە" و ئەویش ئەوەی زیاد کردووە و گوتوویە " ئەگەر بەمشێوەیە بێ من موسلمان نیم".*

*شێخ ڕقی توندی لەبەرامبەر بریتانیای فەخیمە بەدیاردەخات، بەڵام پێوەندییەکی کەسیی هامشۆکراو و فراوانی لەگەڵ ماژۆر ئیدمۆندز* * ( ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوەخۆ و دەرەوەی عێراق) و کاپیتان هۆلت** (سکرتێری خۆرهەڵاتیی کونسلخانە) هەیە و هەردووکیشیان پسپۆرن لە وەزعیەتی کورد و بە کوردی قسەدەکەن.

*شێخ لە ناخی دڵییەوە ئارەزووی وەجێهێنانی ئۆتۆنۆمی کوردی هەڵگرتووە، بەڵام وای بۆ ناچێ کە دەرفەتی وەجێهێنانی ئەم پرۆژەیە هێندە نزیك بێ.*

---

Edmonds, Major C.J *
*Holt* **